# به دەست بایەکی نامۆوە

محەممەد ئیسماعیل‌نەژاد
(م. ئاران)

١٣٩٧

سرشناسه: اسماعیل‌نژاد، محمّد، ۱۳۶۰.
عنوان و نام پدیدآور: به ده‌ست بایه‌کی نامۆوه / محه‌ممه‌د ئیسماعیل‌نه‌ژاد(م.ئاران).
مشخصات نشر: سقز: خانی، ۱۳۹۷.
مشخصات ظاهری: ۱٤٦ ص.؛ ۲۱ × ۱۳ س‌م.
شابک: ۱-۲-۹۹۲۳۲-۶۲۲-۹۷۸
وضعیت فهرست‌نویسی: فیپا
یادداشت: کردی.
موضوع: شعر کردی- قرن ١٤
موضوع: kurdish poetry-20th Century
رده بندی کنگره: ۱۳۹۷ ٤٧٦الف ٧٤٣س/ PIR۳۲٥٦
رده بندی دیویی: ۸فا۹/۲۱
شماره کتابشناسی ملی: ٥١٩٧٣٢٧

**به ده‌ست بایه‌کی نامۆوه**
محه‌ممه‌د ئیسماعیل‌نه‌ژاد(م. ئاران)
بابه‌ت: شێعر
ژماره‌ی چاپ: یه‌که‌م
تیراژ: ۱۰۰۰دانه
شابه‌ک: ۱-۲-۹۹۲۳۲-۶۲۲-۹۷۸
ده‌زگای چاپ: خانی
په‌ڕبه‌ندی: ئومید موقه‌دده‌س
ڕووبه‌رگ: ئه‌سرین کاکی
ساڵی چاپ: ۱۳۹۷ی هه‌تاوی

سه‌قز، مه‌یدانی هه‌ڵۆ، چاپه‌مه‌نی خانی، کتێبفرۆشی هونه‌ر و ئه‌ندیشه
پێوه‌ندی: 00989187771585
**www.kurdbook.ir**

## (١)

داخی دووریت سەوزە وەک باران لە ناخی سینەما
تا ئەبەد دەرناچێ یادت لەم دڵە غەمگینەما

جێی بەتاڵت تاهەتا دیارە لەسەر سەفحەی دڵم
هەروەک ئاسمانی شەوێکی تار لەپڕ مانگی نەما

شینە داخت، حەسرەتت شینتر، نەبوونت شینترین!
گیان، کلۆڵ و کۆڵەواری ئەم سەرانسەر شینە ما

سەربزۆکی نیونیگا و زەردەخەنەی ئارامی تۆم
دڵبژۆکی مۆنج ئەدا ئەمشەو لە ژێی ئەم ژینەما

چاوبەمۆڵەق ڕاکشاوم ڕوو لە ڕێگەی هاتنت
سەر دەسووم لەم سەنگ و گۆڕیچە ڕەق و بەردینەما

کەوتمە نێو زیندانی زیندێنی زەمانە دوور لە زین
بێ ڕوخت کێشرا کش و ماتی بەڕووی ئەم دینە ما

کێوی بڕوا بوو وجــوودی تــۆ لــه پێــدەشــتی ئــەویــن
کەی هەراسم بوو که لافــاو بــێ بــه لای بنچینــەمــا؟

تەنگ و تاریک داگەڕاوە ئێســتە هــۆڵی چــۆڵی ڕووح
تازە کوا هەستێک کە دەست بێنێ بە پەردەی سینەما؟

***

## (٢)

گشت دەر و دەروازەکان داخـراوە لـێم بـۆ کـوێ هـەڵـێم؟
پاک دەلاقە و ڕۆچنەکان بەسراوە لـێم بـۆ کـوێ هـەڵـێم؟

«خزمی خوێری و ئاشنای ئەحمەق»[1] ئەتۆشی دەرپەڕاند!
من لە داخ خەڵکێ کە دەورەی داوە لێم بۆ کـوێ هـەڵـێم؟

پێ نـــەزان و خۆنـــەنـــاس و ناوبـــەتـــاڵ و دڵبـــەکـــین
زەنگـی زوڕنـا و نایـەیـە زڕیـاوە لـێم بـۆ کـوێ هـەڵـێم؟

هــەڵــدەهــاتم لــەم هــەوێڵــە گــەر هومێــدێکم هــەبـا
هەستونەست و هزر و هۆش تاراوە لێم بۆ کوێ هەڵـێم؟

«تاکوو هەمبێ هێـز و هـەتـوان و بڕسـت و بیـر و هـۆش
دێم و دێم ...»[2] باوی نەماوە! من دەڵێم بۆ کـوێ هـەڵـێم؟

ئاســـــمانێکی پـــــەنـــــای نـــــاهێمنی باڵنـــــدە بـــــوو
ئێستە سەرپاکی بە پووش گیـراوە لـێم بـۆ کـوێ هـەڵـێم؟

---

1. ئاماژەیە بۆ دێڕەشێعرێکی مامۆستا هێمن
2. ئاماژەیە بۆ دێڕەشێعرێکی مامۆستا هێمن

وەک شـەپـۆل تـەنیـا کـەنـارم شـک دەبـرد بـۆ سـانەوە
شـانی کـەڤرینـی وەهـا کـوتراوە لـێم بـۆ کـوێ هـەڵـێم؟

خـۆم خزانـدە توولـەزێـک دوور بـم لـە چـاوی ناحـەزان
قوفڵ و میلە و قـوژبنیش بێـزراوە لـێم بـۆ کـوێ هـەڵـێم؟

چەشنی خنکاو دەس لە هەرچی وشکەپووشە گیر دەکـەم
لـەونـی ئـازادی تـەواو گـۆڕاوە لـێم بـۆ کـوێ هـەڵـێم؟

خـۆ بـە هـەرچـی ڕۆچنـە و درز و کـەلێنێکـدا دەدەم
ژین شەوارەی کردووم، خەفتـاوە لـێم بـۆ کـوێ هـەڵـێم؟

تا هەرێمـی خۆشـی منـداڵی بـە شـوێن شـێعرا دەچـووم
دێـڕ و پیـت و لاپـەڕەش تـۆراوە لـێم بـۆ کـوێ هـەڵـێم؟

من کە شوێنپێی ڕۆژگاری خـۆم بـە نووسـین ڕەش دەکـرد
دەفتەر و دەست و قەڵـەم ترسـاوە لـێم بـۆ کـوێ هـەڵـێم؟

ڕادەکا لەم چۆڵەوارە ئەو کـەسـەی خـۆی خـۆش دەوێـت
ڕۆحی ڕۆیـین وەک بڵێـی دزراوە لـێم بـۆ کـوێ هـەڵـێم؟

## (٣)

بڵێــی دوبــاره نــه‌بینێتــه‌وه لکــی تــه‌مــه‌نــم
حــه‌زی چرۆیــه‌کــی تــازه دڵــی پــێ ڕابــژه‌نــم؟

بڵێــی خــه‌وێکــی خودایــی دڵــم نــه‌باتــه‌وه تــا
له ته‌شقی ئه‌شق و ژیان باڵ بگـرم و پـێ بکـه‌نـم؟

بڵێــی دوبــاره لــه خــاکی ڕه‌شــی غــه‌ریبیــدا
به خه‌ونی سه‌وزی ئه‌تۆوه شـه‌وێکـی ڕانـه‌چـه‌نـم؟

بڵێــی نــه‌بینمــه‌وه دیســان ئــه‌وینــی تــۆ ڕۆژێــک
هه‌تـا بدۆزمـه‌وه خـۆم و تـه‌مـه‌نمـی پـێ بتـه‌نـم؟

بڵێی هه‌ڵمنـه‌گـرێ بـای خـه‌یـاڵ و نـه‌چمـه‌وه تـا
ئه‌وێ ده‌مێ که ئه‌شق هات و گۆڕیی به‌رگی ته‌نـم؟

بڵێــی نیگایــه‌کــی پڕپــڕ لــه میهــره‌بــانیی و ســۆز
ده‌مــێ نــه‌بێتــه‌وه میــوانی گیــانی پــڕ وه‌زه‌نــم؟

بڵێــی دوبــاره نــەنیشــێتەوە مــەلــی زەردەی
لەسەر گەڵای تەڕی دیدە و تـەلـی دڵـی ڕەبـەنـم؟

بڵێــی نــەبیســمەوە هــۆرەی گــەشــێنەری دەنگــی
یــەکــەم وشــەی نــەڕەوێنێتــەوە تــەمــی زەمــەنــم؟

بڵێــی دوبــاره نــەنووســێتەوە هــەمــوو ڕووحــم
لەسەر تەوێڵی مەرگ، ژین نەهێڵـێ هــەڵبکـەنـم؟

بڵێــی هــەتــاکوو چ وێرانــەیــەک ببــا ڕووحــم؟
لــە کێهــە بــەنــدەری تاریــک فڕێــی بــدا بــەدەنــم؟

بڵێــی دڵــم بــە بــرین ڕابهێنــێ تــاوەکــوو کــوێ؟
بە خەنجەری چ خــەیاڵێـک بکێڵـێ زەردەخــەنــم؟

بڵێــی دوبــاره «پــەشــێو»م نــەکاتــەوە بســکی
لەنێـو شـەتـاوی قژیـدا نـەشـۆرێ بـەرجـەوەنـم؟

بڵێــی لــە بــاوەشــی بگــرم کــەنیشــکی ئــازادی
بــە ئــاوەدانــی ببینــم بــەهــەشــتەکــەی وەتــەنــم؟

## (٤)

من لە ئاسمانی ئەوین هـەور و هـەساوم گـەرەکـە
بـەقـەرا ڕۆچنـەیـەک تیشـکی هـەتـاوم گـەرەکـە

لـە بـەشـی خـۆم پتـرم نـاوێ هـەتـا لێـرە دەژیـم
چەن چپە و ماچ و بزە و سـیلەیـی چـاوم گـەرەکـە

من لە شـارێک کـە تـژی ڕەنـگ و بـەرامـە و بۆنـە
لێوی ئاڵ و مەمی کـاڵ و کـەزیـی خـاوم گـەرەکـە

لە زەمانەی شەل و شـێواو چـەمـەڕای هـیچ ناکـەم
لە ژیان مشـتێ هـەوا و چـەن چڵـەتـاوم گـەرەکـە

غەمی خۆم و غەمی ئەو خەڵکە بەتـەنیـایی دەخـۆم
بەسە تانـەم مـەدە لـێ گـەر چکـێ ئـاوم گـەرەکـە

لەسەر ئەو جادە هەموو جۆر کەسـی لـێ ڕادەبـرێ
دەمێ نووچدان و وچـان، سـانەوە، کـاوم گـەرەکـە

بـۆ چمـه نـاوی زل و شـاری بـەتـاڵ و وێـران؟
گوندی پڕ خێر و بە بێـر، مێـرگ و بـەراوم گـەرەکـە

مافی خۆمم دەوێ ڕازی بـەوە نـیم حـەق بخـورێ
بـۆ وڵات و گـەلـی خـۆم ئاشـتی تـەواوم گـەرەکـە

نامەوێ کـەس بـەبـێ نـانی شـەوێ بینێتـەوە سـەر
بۆ هەموو خەڵکی جەهان هێمنی هـەناوم گـەرەکـە

بۆچی لێم توندی دەکا شەپکە و پەت من کە دەڵێم
بـە زمـان و بـە قـەڵـەم: مـافی خـوراوم گـەرەکـە

چ دەبێ گـەر ئـەمنیش خـاوەنی خـاکی خـۆم بـم
کەعبـە کـەچ نـابێ بڵـێم کـوردم و نـاوم گەرەکـە!

(٥)

شـــەو و ڕۆژ لێـــرە گڵـــی گـــۆڕەکـــەمـــم داوەتـــەوە
تـــا بزانـــی نییـــە چـــارەم: ســـەری خـــۆم نـــاوەتـــەوە!

خـــەبـــەرت لـــێم نییـــە تـــۆ بۆیـــە وەهـــا بێخـــەبـــەرم
شـــوێنم هـــەڵبگـــرە هـــەتـــا ســـێبەرەکـــەم مـــاوەتـــەوە

لێـــرە نـــی تـــاکوو بزانـــی بـــە هـــەنسـکی ســـڕەوە
دەفتـــەری بیـــرەوەری و تاســـەتـــم هـــەڵـــداوەتـــەوە

هـــەمـــوو ســـیروانی سروشـــکم لـــە دووا نـــاردی بـــەڵام
چـــەمـــی وشـــکم ئـــەوە زەریـــای خـــەمـــی تـــێ زاوەتـــەوە

نـــاگرم تـــازە لـــە گـــوێ قـــەول و قســـەی ڕاســـتی ئـــەتـــۆ
قـــەدی ئـــەلفـــم وەکـــوو دال ئێســـتە کـــە چـــەوتـــاوەتـــەوە

لێـــرە نـــی تـــاکوو بزانـــی چ دەچێـــژێ دڵـــەکـــەم
لەبەر ئـــەو بـــاڕەشـــی مـــەرگـــە چـــەنـــێ چـــەوســـاوەتـــەوە

لێــره نــی تــاكوو ببینــی هــه‌مــوو شــه‌و تــه‌نهــاییم
چه‌ن كــه‌ڕه‌ت پــڕ بــه‌ گــه‌رووی مــه‌رگــه‌وه‌ هێنـاوه‌تـه‌وه‌

هــیچ ده‌زانــی كــه‌ لــه‌نــاو گێــژه‌وی ئــازار و نــه‌هــات
ڕووحی تینووم هه‌مـوو شـه‌و بـێ پشـوو خنكـاوه‌تـه‌وه‌

چ ده‌زانــی كــه‌ گلــۆر بوونــه‌وه‌ واتــای چییــه‌ تــۆ؟
ئه‌م سه‌ره‌م مـن لـه‌ مـه‌رگ چـه‌ن سـه‌رێ گێـڕاوه‌تـه‌وه‌؟

چوومه‌ لای دوكتور و پێم گوت كه‌ دڵم دێشێ جه‌نـاب
كه‌سنه‌نـاس كـۆڵێ حـه‌ب و شـه‌ربـه‌تـی پێچـاوه‌تـه‌وه‌

ئـــه‌وه‌ ئێســـتاكه‌ لـــه‌گـــه‌ڵ قشـــقه‌ڕه‌كانـــا ده‌قـــڕم
تـا هــه‌ڵـۆم دیـوه‌ لـه‌سـه‌ر ماكـه‌رێ سـووڕاوه‌تـه‌وه‌

جــوانترین دیمــه‌نــه‌ لام زه‌رده‌خــه‌نــه‌ی زامــی زه‌مــان
ڕوو بـــه‌ نـــاخی دڵـــه‌كـــه‌م كـــاتێ بریســـكاوه‌تـــه‌وه‌

هــه‌ر ده‌ڵێــی قــه‌ت لــه‌ ژیــانم بــزه‌ میــوان نــه‌بــووه‌
لـــه‌وه‌تـــا لێـــوی دڵـــم بـــه‌م غـــه‌مـــه‌ دووراوه‌تـــه‌وه‌

به‌ده‌ست بابه‌كی ناموه‌

بــە هــەزار بــەردی جــەفــا، مــاڵی وەفــام پێکــەوە نــا
بــۆ هــەزار و یــەکــەمــین جــار ئــەوە ڕووخــاوەتــەوە

وەرە بیخوێنــەوە هــەڵبــەســتی تــەڕ و تــازەی ئــەویــن
دێــڕ بــە دێــڕی کــە بــە خــوێنی دڵــە نووســراوەتــەوە

## (٦)

پـەری! دەمێکـەیـە بـۆ ئـەشـقی تـۆ کـەژاوەیـە دڵ
دەمێکەیە چەمەڕای تیشـکی ئـەم دوو چـاوەیـە دڵ

پـەشـێو و بێکـەسـی هـەڵبـەسـتی دووری بـاڵاتم
بە خۆری ڕوومەتـی تـۆ هـێمن و حـەسـاوەیـە دڵ

کە لا نەدەی لە ڕوو بسکی ڕەش و درێژی بـەخـەم
هــەوارەکــۆنێ چ خــاڵی، کــپ و کــەلاوەیــە دڵ

دەمێکـــی دیکـــە ببیـــنم گزنگـــی ڕوخســـارت
هــەتـا هــەتایـە هــەتیـوێکی ئـەم هــەتـاوەیـە دڵ

ئــەوە مــنم پــەری! شــێتی نــەدیتنــی چــاوت
ئەوینی تۆم گەرەکـە و مـەسـتی ئـەم شـەراوەیـە دڵ

لــە قــوڵکی کــوڵمی ئــەتۆدایــە ون بــووە بیــرم
لـە بیـری بـەرزی ئـەتۆیـە کـەوا شـەکـاوەیـە دڵ

دەروونـم ئـەوا دەگرێـت و دەسـووتێ مـاوەیـەکـە
کولۆشـی وشـکی بـن ئـەم ئـاگرە کـراوەیـە دڵ

پەری! دەزانی ئەوین گـەر نـەبـێ منـیش مـردووم؟
لە خۆشەویستی ئەتـۆ گوڵشـەنـی گـەشـاوەیـە دڵ!

پـەری دەزانـی چ بێوێنـەیـە بـە تـۆوە ژیـان؟
بـە تـۆوە چـەن مـەزن و بێـوەی و کـراوەیـە دڵ؟

ئـەویـن ئـەگـەر سـەرەتێـک هـەڵنـەکاتـەوە گیـانم
وەکـوو گلۆقـەبـەنێکـی گرێـدراوەیـە دڵ

وەرەوە تـاکوو لـە کـورتی نـەداوە شـێعری زەمـەن
بـە ئـەشـقەوە غـەزەلێکـی تـەڕ و بـڕاوەیـە دڵ

## (٧)

وەرەوە تا وەڕەزی دەرچێ بە تۆ گیانی غەزەل
بەسەرم کاتەوە دیسانەکە بارانی غەزەل

دەفتەری بیرەوەریم خاڵییە وا ماوەیەکە
دەمودەستێ دڵ و هەستم بەرە بۆ ژوانی غەزەل

پێ بە مانگ ئەو ژنە ئاشقەم کە بە تاسەی تۆیە
وەرە تا گشت ڕەگی ژین تێی بگەڕێ ژانی غەزەل

ماڵی دڵتەنگی و تەنیایی بەجێ بێڵە کەسم
ڕوو لە شاری دڵەکەم کە و ببە میوانی غەزەل

پەنجەرە، ڕووح و ڕەفەش هەستی لەسەر هەستن هەموو
گوڵی تۆ تا بگەشێنێتەوە گوڵدانی غەزەل

بە بڵێسەی گڕی دڵداری دەروون دانەییسێ
سەری هەڵناگرێ بەم ئەسرەوە سیروانی غەزەل

لـه غـەمـی تـۆوەیـە گـەر خـاوەنـی مـوڵکی خۆشـیم
خـۆری ئازادییـە بـۆم هـەڵـدێ لـە زینـدانی غـەزەل

شـیری شـێعری بـە منـاڵی کـە مژیـوە دەمـی مـن
حـوکمی بـۆ بـدرێ دەبـوو دایـە بـە تـاوانی غـەزەل

چارەنووسـی گـەلـی ئێمـەش کـە بـەدەس خـۆی بوایـە
بە هەواری حـەزی خـۆی گـەیشـتبوو کـاروانی غـەزەل

لـەوەتـا هـات و نـەهاتـە سـەفـەری سـەوزی گـەڵا
ترسـی ڕێـی نیشـتووە لـێ کۆڵبـەری زسـتانی غـەزەل

هـەوی دڵ نایـەتـەوە تـا نـەیـەوە نێـو ژیـنم
هـەمـە هیـوا دەمـێ تـۆ بێیـەوە هـەیـوانی غـەزەل

تـا گـەرم بێتـەوە دەسـت و دڵـی هـەسـتی بـەسـتووی
گیـانی ئـارانی، وشـە، کـردوە بـە قوربـانی غـەزەل

## (٨)

لـەنـاو کـاڵانی شـەرمـا شـیری ئـەبـرۆ هـەڵبکێشـە
دڵــم! ڕووحــم، هــەتــا لێـوی بـەپشـکۆ هـەڵبکێشـە

نەخۆشێکی گرانبـارم هـەمـوو گیـانم شـەوێـک تـۆ
لە دەریاچەی فرۆ و هـەنگـوین و لیمـۆ هـەڵبکێشـە

وەرە و قەندی دوو لێوت تەڕ کە بەو چایەی دەمی من
بڵـێ کـەمتـر هـەنسـک و ئـاهی پڕسـۆ هـەڵبکێشـە

لەسەر مەمکی چەپـی خـۆت دابنـێ دەسـتی بـزۆزم
بــژاری ڕۆژگـــارم ســا بڵـــێ بـــۆ هـــەڵبکێشــە

لــە ئـــامێزت وەرێنـــە بـــاوەشـــی دەرد و پـــەژارەم
هەتا میعراجی جوانی، گیان بە پـەرجـۆ هـەڵبکێشـە

بلاوێنـە بـە پرچـی تـەڕ  دڵـەی شـێت و پـەشـێوم
پشووم هەر شەو لە بۆی ڕەیحان و شەوبۆ هەڵبکێشـە

بەبێ تۆ بزر و ناپەیدایە لووتکەی ئەو ژیانە
وەرە و هەستم لە ماچێکی دەم ئاسۆ هەڵبکێشە

دەترسم ئاخری ڕووحم لە بێتۆیی بخنکێ
لە گێژاوی ئەویندا گیانی نغرۆ هەڵبکێشە

لە دووری خۆت ئەگەر ویستت بە حاڵی من بزانی
بەسەر کرداری بوونا دوو خەتی تێکەڵ بکێشە

بە تاڵانت کە برد سەرجەم چرۆی وەرزی بەهارم
لەسەر سەفحەی ژیان وێنەی گەڵای زەردەڵ بکێشە

جگەر ئاگر و جغارەی یادی تۆم هەروا لە سەر دەم
سییەی قورسم! بەجێی تینی پشووی، دووکەڵ بکێشە

## (٩)

خۆزگە ئەو ڕۆژە کە دەمدی لەگەڵی پێ نەکەنیبام
لە یەکەم چرکەوە دڵتەنگی دڵی ڕێک نەگوشیبام

خۆزگە هەروا هەموو خۆمم نەدەنا مشتی ئەوینی
کە لەبەر پێی دڵی بەردی نەوەها نزم و نەوی بام

خوزگە ئەو ڕۆژە خودا سانی گیانی دەمێ ڕانا
بەهەوای ئەم خەت و خاڵ و قەد و شێوەی نەشنیبام

خۆزگە جارجاریٚ بە نابێ و نییە دەدوام دەگەڵیدا
تاوەکوو ئێستە لەبۆ «ئا»یەکی ئاوا نەفڕیبام

تەمەنم هێندە بەخۆڕایی هەتا تێ نەپەڕیبا
لە هەموو قوژبن و قۆناغی ئەشق تێ فکریبام

خۆزگە ڕۆژێ ئەمنیش هەروەکوو خەڵکانی حەساوە
بە زمانی حەزی خۆم لەم بەری دنیایە گەییبام

چ دەبــوو گــەر ئــەمنــیش گۆشــەیــەکــی ئــەم بــەڕە بگــرم
پــەڕی باویلکــەم و عــەســرێکە بــەڵام هاوســەفــەری بــام

چ دەبــوو وەنــدە «پــەشــێو»ی نــەبــێ پرچــی تــەڕی شــێعرم
وەکوو «بێکەس» ئەمنیش گیان و دڵ و گشت کەسی وی بام

کــە هــەڵــۆی ئــەم دەر و نــاوەم گــەڕ و بێکــەڵکــە دەدیــتن
وەکـــوو قـــاڵاوێ دەبـــوو لـــەم زەل و زۆنگانـــە قڕیبـــام

کـــە تـــەبـــا و هێنـــدە ڕەبـــان زام و دەبـــان پێکـــەوە لێـــرە
لـــەســـەر ئـــەم خوێنـــە ڕژاوە نـــەدەبـــوو وەنـــدە شـــەقـــی بـــام

دۆست و دوژمن کــە بــە هــیچ بــارێ لــەبــۆم هــەڵنــەوەژێــرا
خۆزگــە زۆر حیــز و ســـڵامەت لــە ژیـــان داســـەکنیبـــام

## (١٠)

پەنام داتێ ئەگەر ساتێ پـەرەنگـی گـوارەکـەی تـۆ
لە گوێ دەگرم بە گیان و دڵ هەموو گوفتارەکەی تـۆ

تەنافی گـەردنـت تـا هـەڵبخـەی ئـاوا بـە ڕووتـی
خەیاڵم هەڵدەواسم هەر لـەپـای سێدارەکـەی تـۆ

بنۆشی تا بە گیانت جارێ ئەو چایـەی دەمـی مـن
دڵـم دەتوێتـەوە بـۆ قـەنـدی شـێوەزارەکـەی تـۆ

لەسەر شیلەی ئەوینـت تـا بنیشـێ مێشـی شـێعرم
دەترسم هەڵفڕێ زوو هـەسـتە بـێ ئـازارەکـەی تـۆ

کـە بـەژنـی خـۆش تراشـیوت دەبیـنم ڕادەمێـنم
وەکوو مێوم لەبەر تـەرزە بـە لـەنجـەولارەکـەی تـۆ

لـە شـانم دادەمێـنم شـانە بێنـێ بێنـی خۆشـت
نـەمـاون مـاوەکـانم بـۆ دەمـی دیـدارەکـەی تـۆ

که خۆتــت پــێ نوانــد ئاوێنــه، وێنــەی تــازە ناســی
گـــوڵانیش داوەرینـــە دامـــەنـــە چینـــدارەکـــەی تـــۆ

سەری هەڵداوە تا گۆی مەرمەڕین لەو بن کراسەت
سەری هەڵنایە سەرواشم لە ئاست شاکارەکەی تـۆ

بە ڕەنگی ئاڵ مەرەنگێنە دوو لێوی تەڕ کـە ڕووحـم
بە ڕۆژی ڕوون نەچێ بۆ ماچی جاروبـارەکـەی تـۆ

لە دەوری گەردنت ئەڵقەی کە دا ڕەشماری پرچـت
گـوتم ناگـا ئیتـر دەسـتم بـە بـاڵای دارەکـەی تـۆ

بە بەرگی تەنگ حەریری سـێوەڕەی لـەش دابپۆشـە
کــە عــەیبــی دابشــارێ شــاعیرە بێعــارەکــەی تــۆ

سەری کوڵمەت بسووتێنێ هەموو هەستی سـەراپـا
لە مەرجی گیان بە موو گەر لابـدا دڵـدارەکـەی تـۆ

## (١١)

دڵتــەنگــم و دڵ داوەتــی ئــەم شــینە دەگێــڕێ
تەنیــام و پشــوو گۆنگــەڵــی ئـەم ژینــە دەگێــڕێ

بــەینێکــە قســە بــەینــی نییــە بــێ بــە دەممــدا
بێــدەنگییــە ئــەم ســۆزی دەم و بینــە دەگێــڕێ

دڵ مــەیلــی قســە و دوانــدنی ئێســتاکە نــەمــاوە
بێزارییـــە ئـــەم زارییـــە ســـەنگینـــە دەگێـــڕێ

دنیــا بگــەڕێــی وەک منــی دڵتــەنــگ نییــە تێــدا
ئـــاهی منـــە ئـــەم ئاشـــە لـــەمێژینـــە دەگێـــڕێ

دەردت کـــە بـــزانن ئـــەوی ئـــاواڵی بـــە نێـــوە
بەزمی شەوێ بەم گێـژەوی ئـەسـرینە دەگێـڕێ

شەو هێندە غەم و حەسرەتــی بێتــۆیی دەکێشــم
ڕۆژ چاوی لەدوای ئـەم دڵـە بـێ تینـە دەگێـڕێ

گەر هاتەوە ئەمجـارە بڵـێن پێـی: ئـەرێ! دۆڕام
لــەم دامــەیــە ئــەم داشــە بــە دۆمینــە دەگێــڕێ

هێنـــدە وەڕەزی کـــردووە ئـــەم زامـــە زگـــارە
گیانی لەسەر ئەم ڕووپـەڕی نووسـینە دەگێـڕێ

بەم تەپڵی دڵ و تاری دەروون و دەفـی ڕووحـە
وەک شـایەرێ ئـەم شـاییە پـڕ شـینە دەگێـڕێ

وا تێکچووە لێی هەست و خەیاڵی غەزەلی مـەیل
دەستی لـە بـەرۆک و مـەم و ناوسـینە دەگێـڕێ

بەم دووکەڵی بسکی بە خەم و چینە، دڵی وێـڵ
بێ سووچ و خەتا هەرچی خەتا و چینە دەگێڕێ

هەرچەند لە کزی داوە چرای شێعری ئـەوینـی
هەر دێت و دەچێ قەڵسە لە ئەم ژینـە دەگێـڕێ

# (١٢)

تـۆ بێـژی خـودا! ئـەو خـەبـەرەم کـەنگـێ بگـاتێ؟
ئـەو نووچـە نوێیـەم چ کـەسـێک بێـژی بـداتێ؟

عومرێکـــە لـــەبـــۆ بیســـتنی وا چـــاوەنـــوارم
عومرێـک؛ ئـەوە یـانی هـەمـوو کـات و دەم و سـاتێ!

کـوانێ؟ تـەتـەرێ، پـەیکـێ، پـەیـامهێنێ کـە بێـت و
بـۆ گیـانی بـە هیـوا و چـەمـەڕا بێنـێ خـەڵاتـێ

دەربایســـی وەی نـــیم کـــە هـــەواڵێکـــی چلۆنـــە
دەربایسـی وەم زۆر لـەسـەرەخـۆ و بـە سـوباتێ↓□

ڕۆژێ، شەوێ، وەختێ، چ درەنگ بێت و چ زوو بێـت
لـــەم چۆڵـــە هـــەوارە خـــەبـــەرێکـــم پـــێ بگـــاتێ

دەردێکـــی گـــەلێـــک تـــاڵ و گرانـــە کـــە نـــەبیســـتی
ئیتـــر قســـەیـــەک، بـــاس و هـــەواڵـــێ ،خـــەبـــەراتـــێ

چـەن ئـەسـتەمـە ژیـن یـەکسـەرە شـێوازی نـەگـۆڕێ
ئەمڕۆ وەکوو دوێنـێ بـێ سـبەی وەک هـەمـوو کـاتێ!

## (١٣)

مزگێنییێکـــی تــازە و وەرزێکـــی ســـەوز لــە گیانــدا
لێکدانــەوەی خــەوێــک و مــاچێکی تــەڕ لــە ژوانــدا

دیــداری دوو هــەســێڵ و ڕووتبوونــەی ئــەوینێــک
ئــەنگــووتنی خــەیاڵــت لــە تیشــکی بــەربــەیانــدا

مزگێنییێکـــی خــۆش و تــەقڵــە و جلیتــی ســواران
تــەوقــەی شــەڕاب و شــێعرە لــە ڕووپــەڕی ژیانــدا

دەســـگرتنی دوو پیاڵـــە و هـــاڵاوی بـــەیـــت و بـــاوان
دانیشـــتنێکی ســـادە و لـــە ســـووچی هـــەورەبانـــدا

وچـــانی ڕۆژژمێـــر و لکانـــەوەی گـــەڵاکـــان
مانشـــێتی بێگوزارشـــت لـــە ماڵپـــەڕی زەمانـــدا

گـــەڕانـــەوەی دڵۆپـــە بـــۆ بـــاوەشـــی زرێبـــار
گیرســـانی حـــەوزەگـــەورە لـــە کۆشـــی ئاســـماندا

پیاسەڕێی شەقام و خولانەوەی دوو قۆڵی ئامێز و هەڵگلۆڤین لە خەڵوەتی شەواندا

.

.

.

دەتلامەوە بە یادت بەم خەون و بەم خەیاڵە لەپڕ زرەی پەیامێک، خەون و خەوی بە ... اندا!

## (١٤)

لـــەبـــەر دەلاقـــەكـــە دانیشـــتبوو بـــە خـــەمگینـــی
نیگـــای دەدزیـــەوە تـــا كـــەس نـــەبینـــێ ئـــەسـرینی

لە پشتی پـەنجـەرەیـەک مانـەوە هـەتـاكوو ئـەبـەد
هەمیشە بەرجـەوەنێـک بێـت و یـەک جیهـانبینی!

ژیـانی وا چ دووپاتـە و گرانـە، چـەنـدە بـەتـاڵ!
ئـــەوەی گـــەرەكتـــە تـــەواو دڵنیـــا بـــی نـــاییینی!

وەكوو قەتارێ كە مەحكوومە هـەر بـە یـەک ڕێگـا
چ ســـارد و بـــێ بـــرەو و خۆڵـــەمێشـــییە ژینـــی!

"دەڕۆم بــــەیانییــــەک و ناگـــــەڕێمـــــەوە ئیتـــــر"
وەهای بە خۆی گوت و هەستا لە پشـتی پـەرژینـی

پرێسكەیێكی لە خەون و خـەیـاڵی سـوور و سـپی
بە توندی بـەسـت و تـەیـار تـاكوو كـاتی ڕۆیینـی!

***

لــه بــه‌ربــه‌یانییــه‌کــی ڕوون و ســاردی زســتاندا

تفــه‌نــگ بــه شــانه‌وه بازێــک فــڕی بــه ئاســماندا

## (١٥)

ئـەو پیـرم و ئـەو شـێخم و ئـەو ڕێبـەری ڕووحـم
ئەو خۆرم و ئەو خـەونـم و ئـەو سـێبەری ڕووحـم

من بێکـەس و دڵتـەنـگ و غـەریبێکـی بـەتـەنیـا و
ئـەو یـاری وەفـادار و کـەس و دڵبـەری ڕووحـم

من سووکەپـەڕێکـی وەڕەز و پـەسـتی لـەبـەر بـا و
ئەو بـاڵ و پـەڕ و هێـز و وزەی کێشـەری ڕووحـم

مــن وردەمــەلێکــی پــەڕەوازەی حــەپــەســاو و
ئــەو دانــە و هێلانــە و هیــوادەری ڕووحــم

ئەی ئەشق و ئـەوینـداری کـە بـارانی هـەمیشـەی!
تۆی وەرزی نوێی ڕۆشنی دەشت و دەری ڕووحم

جـارێکی دی پـێم جیلـوەیـەکـی جـوان بنوێنـە
جـوانیی ببـڕێ تـا بـە جیهـان و بـەری ڕووحـم

هەرچەندە نـەهـاتیم بـوو بـەسـەرهـاتی نـەهاتـت
هاتوومـــەوە دیســـانەکـــە تـــا بـــەردەری ڕووحـــم

هـیچ ئـاوەز و هـزرین و شـەپـۆلێکی فکـر، بێـت
ناتوانێ کـە بشـکێنێ هـەمـوو لـەمپـەری ڕووحـم

ئەمـنم دەمـێ میـوانی کـوڵی هـەستی بـە ودمـت
تۆی شاعیرەکـەی بـێقـەڵـەم و دەفتـەری ڕووحـم

## (١٦)

"بۆ دەستەکانت کە مەبەستی تازەمن"

تا بە دەستی تۆ نـەگـا میـوەی تـەڕی هـەڵبـەسـتەکـەم
کوا لە ژیندا شین دەبـێ ویشـکەنـەمـامی دەسـتەکـەم

وەک بیانووی گـەرم و تـازەن دەسـتی نـەرم و ناسـکت
دەیگرم هەردەم هەتاکوو گیان بە تۆ پەیوەسـت ئـەکـەم

پێوە بووم هێند تەڕ بە دەستی پڕ لە ئـەشـق و سـۆزتەوە
لێ/وە بووم هاکا لەپڕ وەک سێوەسوورەی هـەسـتەکـەم

پردی دەستت هـەڵـدەبـەسـتێ بـۆم سـروودی ژینـەوە
تـاوەکـوو گرتوومـە، گرتوویـە دڵـە بـەدمـەسـتەکـەم

چەشنی دوو جادەی بەپـێچن وا لـە کوێسـتانی ژیـان
یا لە دەشـتی بیـر و بـاوەڕدا چـەمـی هـەڵوێسـتەکـەم

دێـن و ڕادەبـرن وەکـوو ڕووبـار لـە هـەر دوو لامـەوە
پێک دەهێنن پردی بوون و باوەشێک بـۆ جـەسـتەکـەم

دوو قـەسـیدەن دەسـتەکانـت بـۆ غـەزەلبـارانی ڕووح
یا نە سەروای سەر بە ئاسـمانی سـروود و بـەسـتەکـەم

سێبەری فێنکی درەختن بۆ پشـووی هـەسـتی دەروون
یـا نـە تین‌وتـاوی هـاڵاوی شـەڕابـە خـەسـتەکـەم

دوو ئـەویـنـدارن لـەنـاو بـەیتێکـی کوردانـەی بـەچێـژ
یا نـە پیـت و حـەرفـی دانـەبـڕاوی نێـو شاڕستەکـەم

دەسـتی تـۆ دەگـرم هـەتـاکوو ژیـن درێـژە پـێ بـدەم
هەرچی دەردە ئەی خودا دووربێت و یا لەو دەستە، کـەم!

## (١٧)

شەو بێت و ئەتـۆ بـی و دڵـەکـەی شـێتی شـەڕابـم
پێم خۆش نییە تـا ڕۆژی حـەشـر لـەو خـەوە ڕابـم

تۆ بێی و لەبـەر ڕووحـی منـی کـەی ئـەبـەدییـەت
دەربـەسـتی چ نـیم هـەر وەدەزانـم کـە خـودا بـم

گەر تیشکی هەبوونت بتەنێ خـەڵـوەتـی لـەحـزەم
تـــا دوادەمـــی ئاویلکـــە دەبـــا لـــەم خـــەوەدا بـــم

با چرکە نەکـا ئـەو خـول و چرکـەی کـە لـە لامـی
با بمرێ زەمـان، چـەق لـە دەقـی چـاوەکـەتـا بـم

نامەردم ئەگەر بێجگە لە تۆ، تـۆم نـە گـەرەک بێـت
بـۆ چیمـە کـە بێتۆیـەکـی خۆویسـتی غـەڕا بـم؟

مـــردن چییـــە ئـــەو ســـاتە کـــەوا دوورە لـــەبـــەر دڵ
ژیـــن ئـــەو دەمـــەیـــە بینـــی بـــە لێوانـــەوە نـــابم

من ڕووگەپەرەستی غـەمـی ئـەشـقی دڵـی تـۆم و
تۆی مـەسـتیی و مـەیخانـە و پیاڵـە و مـەیـی نـابم

ئاوێنــــە دەمــــێ ڕوونــــە کــــە تــــۆ ڕوو بنــــوێنی
بــەو ئــاگرە بــرژاوە هــەمــوو جــەرگــی کــەبــابم

قەت باسی جودایی مەکە گیانـە بـە جـەفـەنگـیش
بـۆ «واوە بچـۆ» و «داکـەوە« یـا «وا مـەکـە« نـابم

دەتوێمـەوە بـۆو قـەنـدە لـەسـەر زاری ئـەتۆیـە
تـۆ تـاوێ دەمـت بێنـە دەبـا هـەردەمـە چـا بـم

چەن خۆشە کە دوادێڕی تەمەن چـون سـەرەتا بـێ:
شەو بێت و ئەتـۆ بـی و دڵـەکـەی شـێتی شـەڕابـم

## (١٨)

هۆ ماسییەکەی تیشکەڵـە ڕەنگـی ڕوحـی شـەیـدا
ئەشقت بە ژیان دەنگ و بە گیان خەون و نەشەی دا

تا "هات"ی هەمیشەی تەمەنـی شـێت ببـێ پـەیـدا
تـۆ هـاتی چ مـەسـتانە بـەنـاو بـەحـری بێپـەیـدا

ئەم جیلوەیە، شێعری چ خودایەک بـوو بـە مـەیـدا
ئەو دەردە دەوایەک بـوو کـەوا مـەسـتی بـە مـەیـدا

دەریـــا بـــە زرێبارتـــەوە پـــەرمـــاوە بـــە خۆیـــدا
ئەو چاوە ڕەشـەی دیـوە کـە هـەر مـاوە لـە خۆیـدا

پـڕ تـاوە تـەمـەن ئێسـتە کـە تـۆ مـاوی لـە توێیـدا
پـڕ نـاوە زەمـەن بـەو چپـە چرپـاوە بـە گوێیـدا

وەک «نالی» کـە نالـە لـە قـەڵـەم، ناڵـە لـە نـەیـدا
«ئـــاران»ە هـــەوارێکی غەریبانـــە لـــە ڕەیـــدا

ناکـارێ ڕەقیـب بێـت و بڵـێ ڕەخنـە لـە کوێیـدا
ئەو شاغەزەلـەی چرکـە بـە چرکـە بـەری نـوێی دا

## (١٩)

بسـکت بـە دەسـی بـاوە بـوو بـەم بۆنـەوە هـاتم
من مردوو ئەتۆ زیندوو، گـوڵم! چـۆنی حـەیـاتم؟!

یـادت لـە یـەکـەم ڕۆژەوە تـا ئێسـتە لـەگـەڵمـە
تۆ هـەر لـە خـەوم دای و بـە ئـەم خـەونـەوە هـاتم

دەنگت دەزرینگـاوە لـە گـوێی گیـانی خـەواڵـووم
ڕووحـم دەپرینگـاوە لـە هـەڵکـەوتـی وەفـاتم

باخێویَ مـەسـیحی دەمـەکـەت بـەم فـەڕ و ودمـە
هاکـا بـڕەویَ ڕایـەڵ و پـۆی تـەونـی نـەهـاتم

بەو دەستە ئەگەر بگـری لـە مشـت خـاکی مـەزارم
دیسـان گـوڕوو دەگرێتـەوە گیـانی کـش و مـاتم

بـۆ بـاس و هـەواڵـی گـوزەری تۆیـە عـەزیـزم
گۆڕخانـە کـە دەشـکێنیَ سـکووتی دەم و کـاتم

فــەرمــوو بــە وەفــا ڕابــرە تــاوێ کــە ببینــی
بـۆ ژیـن بـە خـەفـەت نـیم و بـە قوربـانی وەفـاتم

ئەو خەڵکە دەیانسەندەوە: تۆ نەخشی خودا بـووی
نــازانن ئــەتــۆ هــاتی خــودات کــردە خــەڵاتــم

بــەو چــاوە کــە چــاوەی ئــەزەلــی مێهــر و وەفایــە
ڕوونــاکی کــە گــۆڕی شــەوی تاریکــەســەلاتــم

عومرێکە وەکی مـردوو کـڕ و مـات و بـەبێـدەنـگ
لــەم خــاکی دەرە چاولــەبــەری ترپــەیــی پــاتم

خۆم و دڵ و ڕووحم شەو و ڕۆژ نـوقمی خومـارین
گەر سووکەسەرنجێکـت هـەبـێ مـەسـتی نیگـاتم

لــەم بــەردەرە نــاڕۆم و بــەری نــادەمــەوە دەســت
تــا قــامی قیامــەت بــەخــودا هــەر بــەتــەمــاتم

قەت ڕازی بـە ئـازاری دڵ و دەسـتی کـەسـێ نـیم
ئــەو ســاتە دڵــم خۆشــە بــەتــەنیــا کــە لــە لاتــم

**(٢٠)**

ئەشق دەکووژن و وانەی وەفا دەڵێنەوە پێت
ژیان دەنێژن و بەستەی سەفا دەڵێنەوە پێت

ئەوەی خودا قەتی حەز لێ نییە و گرینگ نییە لای
هەمووی بەجارێ بە ناوی خودا دەڵێنەوە پێت

سەر و ڕووخۆشن و هەردەم بە دەمتەوە دەکەنن
قسەی چرووکی گەلێ سووک لەدوا دەڵێنەوە پێت

دەمی دەبانەکەیان چەق لە پشتی تۆ دەچەقێ و
بە وانە سەد بەسەرهاتی وەها دەڵێنەوە پێت

ئەگەر برینی دڵت ئاوەڵا بکەی بۆیان
جگە کولاندنی چیدی چما دەڵێنەوە پێت؟

نەیار و ناحەز و گورگن لە پێستی دۆستیدا
کە ئەرک و سۆزی برا بۆ برا دەڵێنەوە پێت

خودا نەکا کە بکەن چاکەیەک لەبۆت هەرگیز
دەنا هەڵەی زەقیان ساڵەها دەڵێنەوە پێت

## (٢١)

هەراسی هـەینییـەکـی دی و نـەبـوونی تـۆ دیسـان
هـوروژمی بیـرەوەری و یـادی ڕوونـی تـۆ دیسـان

تـەوژمـی ژانـی غـەریبـی و دڵـەی هـەژاری خـۆم
گوشـاری گورچـوبڕی زامـی چـوونی تـۆ دیسـان

تـەنینـەوەی دەر و دیـواری ڕووح بـە دڵتـەنگـی و
ڕنینـەوەی خـەم و ئـازاری ژیـن بـە بێـدەنگـی و

پەڕینەوەی وەڕەزیـی گیـان لـە بـەنـدەری سـەبـر و
چڕینەوەی گەڕەلاوژەی هەبـوون بـەڕووی قـەبـر و

ڕمـانی تـاوەرەکـانی حـەز و بـزەی جـوانی و
نـەمـانی هـیچ تـەوەرێکـی ئـەوینـی ئینسـانی و

هەڵاوەسـانی غـەم و جـەزرەبـەی پـەسیوی دڵ و
بـەبـادرانی هـەمـوو ئـارەزووی هـەتیـوی دڵ و

له شووشەیەک دەچم ئێستا شکاو لە سەد لاوە
لە لاپەڕێک دەچم ئێستا دڕاو بە دەم باوە

دەلاقەیێکی قەتیسبووم کە ناکرێتەوە قەت
کەلاوەیێکی لەبیرچووم کە ناژییێتەوە قەت

چ مردەخانەیەکی پڕ مەترسی داییسان
هەراسی هەینییەکی دی و نەبوونی تۆ دیسان

## (٢٢)

لەعنـەت لـە ئێمـە بـێ کـە بـەرەوپـاش کشـاینەوە
دەنگمـان نـەدا بـە ڕۆیشـتن و هـەر لێـرە ماینـەوە

ترسێکی ویـڵ و مـۆن دڵـی ئێمـەی بـەڕێ دەکـرد
بـێ هـیچ بـەرایـی یـا سـەرەتایـەک گـەڕاینـەوە!

لەعنەت لە من لـە تـۆ لـە قسـە و قـەولـی پـڕ درۆ
لەم کـەوڵـە کـۆن و تـەنگـەبـەرەی تێـی خزاینـەوە

من دیلی دەسـتی تـۆم و ئـەتـۆ دیلـی دەسـتی مـن
لـــەم گرتـــەخانـــە گـــەورەیـــەدا بـــەســـتراینەوە

لـەم جـەغـزی ناوبـەتـاڵی غـەریبییـە هـەروەکـوو
دوو میلـــی کـــاتژمێرێ بـــەبـــێ هـــۆ خولاینـــەوە

هێنـدە پتـەو نـەبـووین نـەڕەویـن و بڕۆینـە پـێش
لەعنـەت لـە ئێمـە بـێ کـە بـەرەوپـاش کشـاینەوە

## (٢٣)

دڵتەنگم و دڵ مەیلی قسەی ئێستێ نەماوە
هەر زاریی و بێزارییە بەم ڕووحە بڕاوە

بێدەنگم و پێم خۆش نییە هیچکەس بدوێنم
بەینێکە نەفەس بەینی لەگەڵما کز و خاوە

دنیایێ غەم و دەردت ئەتۆ بارە لەسەر لێو
قورسایی مەراقت لە گەروودا پەنەماوە

عالەم بگەڕێی وەک ئەوی دڵتەنگ نییە تێدا
دەرد و غەمی عالەم بە دڵی کەیلی دراوە

هیوا کە وەکوو سۆڵەچرایەک بوو زەمانێک
کەوتۆتە کزە و لەرزەوە وا هاتوو کوژاوە

شەو هێندە غەم و حەسرەتی بێتۆیی دەکێشێ
ئاوارەیە ڕۆژ وەندە بە دوایدا کە گەڕاوە

بێزارییـــه ئـــەم زارییـــە بێـــدەنگـــە دەگێـــڕێ
بەیت و غەزەلی هەستی هەموو خوێن و زووخـاوە

وا باشــە لــە ئــەم شــارە بــە دەردی کــە نــەزانــن
دەیکۆڵنــەوە لێــی خــەڵکــی دەنــا پــاک دەکــولاوە

هەر کەس بە غەم و دەردی دڵــی خۆیــەوە دەگــری
یەک کۆڵبــەرە یــەک بێکــەســە یــەک کــاری کــراوە

نــابینی لــەســـەر لێــوی کەســێ زەردە لــە شــارا
دەرکــی دڵــی ئــەم خــەڵکــە بــە غــەم گاڵــە دراوە

**(٢٤)**

ساقیا مەی نامگرێ کۆنەبڕین بۆ کوێ بەرم؟!
ڕوو لە هەر لایێ دەکەم تووشی پەژارە و نەشتەرم

بادەیێکم پێ دەوێ تاکوو حەشر هۆشم ببا
ڕێگەیێکم پێ نیشان دە تاوەکوو ڕووح دەربەرم

پڕ بە دڵ دەگریم لەگەڵ شووشەی دڵی چڕژاوی خۆم
تۆش بە هاوارم نەگەی دەینێتەوە مەینەت، سەرم!

کەوتە بەرپێی گابنەی دڵتەنگی مەزرای چارەنووس
بۆیە سەرجەم خەتتی خوارە خوار و ژووری دەفتەرم

داوەڵی تەنیایی هێندە لێ چەقا مەزرای ژیان
قشقەڕەی مردن نەبێ لێی ناقرێ دەوروبەرم

دێڕی بێدەنگی وەها دەوری دڵی داماوی دا
ئەستەمە ئیتر لەگەڵما بێ تەنانەت سێبەرم

بـــادەکـــەت دادی منـــی پـــێ نـــادرێ نـــا ســـاقیا
جامــەکــەت بــا پــڕ بــەڵام مــن نــاگرێ نــا ســاقیا

نــامگرێ تــا دوور کــەوێ لــێم ســاتێ ئــازاری فکــر
نایگرم مەستی دەمێک تـا نـەچمـە نێـو شـاری فکـر

مـــن بـــە دەردی بـــێ دەوا و دەرمانـــەوە دەتلێمـــەوە
بـۆ خـەمـی بێخـاوەنـی ئـەم خۆمـەیـە دەخولێمـەوە

ئـــەم برینـــە، تـــازە ســـاڕێژ نـــاکرێ نـــا ســـاقیا
ئـــەم بڵێســـە تـــازەیـــە، دانـــامرێ نـــا ســـاقیا

تۆ لە کوێ بووی ئەو دەمەی وادەی بوو بۆ ژوانی فکر
سەد چـەلـی مـردن دەچێـژا بـۆ چـەلـێ زانـی فکـر

ئێستە تـەنیـا بـادەیێکـی پـڕ لـە مـەسـتی پـێ دەوێ
بـێ مـەی و بـادە، کوڵوکـۆی ئـەم دڵـەی داناکـەوێ

پڕ لە جۆشی مەی بکە بۆی، کاسەڵەی کـۆنی شـەرم
تــا وەکــوو دیســـان دڵـــی دابێتـــەوە گـــەرمـــی گـــەرم

یا دەنا تا ڕۆژی مەحشـەر دەس لـە ئێخـەی بـەردەوە
با بژی تەنیا و بەتەنیـا، مـات و بێـدەنـگ وەک تـەرم

یـا دەنـا دایـم بـە دەنگـی بـەرزەوە هـاوار ئـەکـا:
سـاقیا مـەی نـامگریٚ کۆنـەبـرین بـۆ کـویٚ بـەرم؟!

## (٢٥)

خۆزگــه منــداڵی ســەرێ تــر بگــەڕابایــەتــەوە
دەرســی ئــەو دەورەیــەمــان دەورە بکردایــەتــەوە

پێســتەگــا و ســیرمەســەگێکــی کــە لــە دڵ ئــاڵاوە
دابماڵرایــە بــە یــەگجــاری بگورِوایــەتــەوە

نــەرمــەئــامێرەکــی هــەســتۆک و بــزۆز بــوو ئــەودەم
دڵی بێ کەڵک و کەرەم خۆزگە کـە چـاک بوایـەتـەوە

هێندە ژەنگی زەمەن و غەوری تـەمـەن نیشـتووە لێـی
چـاوی هـەڵنایـە بـە حـاڵ مـاوە وەدەنـگ نایـەتـەوە

چ حــەســارێکی بــەریــن و چ هــەرێمێکــی نیــان
خۆزگــە! منــداڵی، بــەتــاو تــاوێ بهاتایــەتــەوە

چەشنی شارێک بوو گەلێ خۆش و ڕەها پڕ لـە نـەوا
گـەڕەکـی گیـان، ئـەگـەر ئـەو سـێبەری مابایـەتـەوە

ئێستە ئەمما ئەوە ئێمەین و کەلاوەی ڕووخاو
ئەوە ئێمەین و لەسەر سینگی زەمان داکوتراو

ئێمە مشتێ چڵوچێوی ڕەش‌وڕووتی حەپەساو
ئێمە گشتێ بە خەیاڵ و لە حەقیقەتدا خاو

هەگبەیەک کوێرەگرێ و هەگبەیەکیش ئایینی
هەمگەیەک کوێرەوەری و هەمگەیەکیش ڕەشبینی

کۆڵێ بڕوای غەڵەت و خەون و خوڕافە و خەفەت و
کێوێ ڕای دژبەیەک و لەتلەتی پڕپڕ سەقەت و

کەوڵێ هەرگیز نەفرۆشراو لە سەری ئەمما شەڕ
نێرێ تا ئێستە نەدۆشراو لە سەری ئەمما شەڕ

قەڵەمم خۆزگە لە خەمدا نەشکابایەتەوە
قەدی ئەم بیر و خەیاڵەم نەبڕابایەتەوە

لەم هەوێڵە شەو و ڕۆژ هەر لە هەڵاتندا بام
وەکوو زارۆکێ دەروونم گڕی گرتایەتەوە

سەری دەشکاندمەوە دیسانەکە هەر بەردێ بەڵام
خۆزگە منداڵی سەرێ تر بگەڕابایەتەوە

## (٢٦)

بەدمەستم و هەر تۆم دەوێ تا بگری کە دەستم
بەم حاڵەوە زۆر زەحمەتە دیسانەکە هەستم

کەوتوومەتە بەردەرکی خەیاڵێکت و هیلاکم
ناکەونەوە لای یەکتری چ بکەم دڵ و دەستم

کەوتووم و هەتا چاوی بە چاوم نەکەوێتن
نامداتەوە دڵ، نایدەمەوە مەرجێ کە بەستم

دەستم بگرە، گڕنەمە، گیراوم و دەگریم!
لێک دوورن و ناگرنەوە یەک هەست و مەبەستم

من هاتم و هەرچەندە نەهات بوو هەموو هاتم
جارێکی نەهاتی کە بپرسی چ بوو قەستم

نەمزانی بە کام ڕازەوە بوو دوێنێ کە ڕازام؟
ئێستاکە چلۆن هەستمەوە وا نووستووە هەستم؟

تـۆ سـێوی گونـاح و ئـەمنـیش سـێوی دڵـی کـاڵ
خۆت خستتە بەردەستم و هەر گـەسـتت و گـەسـتم

تــۆ لێــوی بــە ڕۆژ و ئــەمنــیش لێــوی بــە ڕۆژوو
چۆن لێ/وە نەبێ بۆی شەو و ڕۆژ ئەو دڵـی سسـتم؟

دەیخواتـــەوە خوێنـــاوی دڵـــم چـــاوی خومـــاری
ئـەو مـەسـتترە یـاخود دڵـەکـەی دیـدەپـەرەسـتم؟

هــاتووم و هــەتـا جیلـوەیـەکـی جـوان نـەنـوێنێ
نارۆمـــەوە نێـــو خـــەونـــی خـــەرابـــاتی ئـــەلـــەستم

بـەو سـووریيە وا هــات و بــەسـەرهـاتمی نووسـی
دیار بوو کەسێ نایزانێ خـەتـی خـواری شـکەسـتم

هەر چی کە درۆزن بوو لە ئەم پەیـژەیـە سـەرکـەوت
مـن مامـەوە بـۆ پـەنـدی سـیاهی سـەری پـەسـتم

بێچـــارەم و ناچارییـــە بـــەم چـــارە دەچـــارم
خەت خەت کە بڕی تەختی تەوێڵ بەختی مقەسـتم

بــــێ داد و دەوا تـــــازەتـــــرین دیمــــەنــــی دەردم
بــەو تێلــی ســنوورانەوە ڕێچکــە کــە دەبــەســتم

پــەیمانــە بــە پــەیمانــە لــەبــۆم پــڕ کــەوە ســاقی
هەر خۆتی مەی و مەستی و خاوەن خەمی خـەسـتم

بـات داوە سـەری شووشـە شـەڕابـی تـەمـەنـم تـا
پێ بزانــی هــەتـا کـەنگـێ بـە ئـەم دەردە دەوەسـتم؟

کــەوتوومــەتــە بــەرپێــی دڵــی دامــاوی هــەژارم
کـوا دەسـتێ کـە هـەسـتێتەوە ڕووحـی بـە نشسـتم

هەر وەندە بوو زانیم وەکوو من تۆش گـەلێ تـەنیـای
ئیتـر لـە خـەمـی خـاکی بـەجـارێکی خـەلـەسـتم

## (٢٧)

بـه پـەشـێوی شـەو و ڕۆم هـەر دڵـی دێوانـە دەزانـێ
خەمی بێخـاوەنیـی خـۆم ئـەم سـەرە وێرانـە دەزانـێ

بە هەموو هەوڵـی نـەزۆکـم لـە ڕکـەی دەرد و برینـدا
مـەلـی نێـو داوی بـەبـێ دانـە و هێلانـە دەزانـێ

سـەگ و شـوانم ئـەوە هاتوونـەتـەوە پێکـەوە دیسـان
چ کەسێ باس و هەواڵـی پـەزی ئـەم ڕانـە دەزانـێ؟

"چ نەهاتیم بوو کەوا هات و بەسەرهـاتی نـەپرسـیم"
چارەنووسی بە هەڵـەم نووسـەری ئـەفسانە دەزانـێ

خەمی خۆم باشترە بیخۆمەوە بۆخـۆم و نـەڵـێم هـیچ
بە هەزار چـەشـنی دەژێنـێ ئـەوی بـەم ژانـە دەزانـێ

بە زمانی گـڕی نـاخ و بـە سـەمـای مـەرگـی گیـانم
لە شەوی بێکەسی، بەزمی شـەم و پـەروانـە دەزانـێ

دڵـــی ئاوێنـــە دەبـــوو درزی بدابایـــە بـــەجـــارێ
کە خەمی پەرچەمی تۆ موو بە موو هەر شانە دەزانـێ

کەلەلا کەوتم و بـۆ چـی بـە سـەری بـادەوە بـادرام؟
بە کوڵی ئـەو شـەوە هـەر سـاقی و پـەیمانـە دەزانـێ!

بە کەشی تاڵی غەریبی و بە هەوای ماچی تـەڕی تـۆ
گوڵی تینـووی دڵ و لێزمـەی خـوڕی بارانـە دەزانـێ

## (٢٨)

خۆزگە دەکرا خۆشەویستی قەت درێخی لێ نـەکـەن
دڵ بە فێس و خۆپەرەستی و کینە هەرگیز ئـاو نـەدەن

وەک هەتاو گەرم و گوڕ و تیشکپژێن و خۆنـەویسـت
ڕوو لە بوغز و دوژمنی و ئازاری یەکتر قـەت نـەکـەن

خۆزگە دەکرا هاوخەم و ئاودەنگ و یەکڕوو بن هەموو
دەرکی دڵسۆزی و دڵاوایی لە سـەر یـەک دانـەخـەن

خۆزگە قەدری یەکتریـان ئێسـتا دەزانـی بـەر لـەوەی
ماڵ و کۆچیان بۆ هـەواری دوورەدەسـتی گـۆڕ ببـەن

خۆزگە دەکرا دەرسی سەربەستی و سروودی هاودڵی
پێکــەوە بخوێننــەوە بــەرز و بــە دەنگێکــی ڕەســەن

خۆزگە دەکرا گۆش بکەن گیانیان بە هەتوانی ئـەویـن
مەڵهەمـی زامـی دڵـی یـەکتـر بـبن بـێ فێـڵ و فـەن

خۆزگە دەکرا سادە هەر زۆر سادە وێنەی شـێعری تـۆ
بێن و بدوێن بێ گرێوگۆڵ و هەرا و هوریای زەمـەن

خۆزگـە دەکـرا دابمـاڵن ئـەو دەمامکـەی ڕواڵـەتیـان
جـا ببیـنن ئـەم جیهانـە و زوو تـەواوبـوونی تـەمـەن

خۆزگـە سـادە و سـادەتـر دەکرانـەوە هاوکێشـەکـان
هیچ سنووری نەیدەبەست ئیتـر دەس و بـاڵی وەتـەن

خۆزگە ئەمما خۆزگەکانیش دەسـبەجـێ هاتبانـە دی
تاوەکوو شاعیر لەناو ئەم بـەنـدەدا نـەکـرێ بـە پـەن!

تاوەکوو کەی هەر خەیاڵی زەرد و سوور بێ دیمەنـت
تاوەکوو کەی دیل و باڵبەستە لەنێـوان چـۆن و چـەن!

## (٢٩)

قوربـانی قـەدت بـم کـە دەلێـی توولـەکـە مێـوە
حەیرانی ڕوخت بم بوتی جوان! ئەی پەری شێوە!

میوانی کەنـووی نـێش و بـە نۆشـینی دەمـت بـم
جارێک بە بزەی جـەردەیـە، جارێـک بـە جنێـوە

سـامانی ژیـانم، نمـەکـی ژان و شـەکـردان
ئـەو زار و زمانـەی کـە بـە نـازداری بـەخێـوە

لێـوانی دوو لێـوی تـەڕ و تـورتی بـە خونـاوت
بتوێمـەوە وەک قـەنـدی کولـۆ بـۆو دەم و لێـوە

پاوانی چپـەی ئاسـکەنیگـای چـاوی ڕەشـی تـۆ
ئـەو نێرگـزەجـاڕەی لـە دەراو خـاوەنـی خێـوە

جیرانـی لـەش‌ولاری بـە ڕەوتـی کـەوەبـاڕت
بـەژنێکـی بلـوورین کـە دڵـی کـردووە لـیٚ/وە

پــەرژینــی ڕەز و بــاغی هــەنــاری بــە گوڵــت بــم
ئــەو گــردە گــوڵاودێرە و ئــەم دوو مــەمــە ســێوە

سەیوانی کەزی خاو و بە چەتری ســەری تــۆ بــم
ئەو تاڤگە بە پــڕژە و شــنەی ئــەم بســکە پــەشــێوە

تەیمانی گوڵی هەست و دڵــی ناســکی کچانــەت
ئەو چەن پەڕەیەی هەڵــدەوەرێ ســووکێ لــەڕێــوە

تــاوانی هــەمیشــەم، ئــەریٚ! بــارانی بــەرامــەت
ئــەو گــەردنــە بێگــەردەیــە هــەر دڵــمی کــە پێــوە

**(٣٠)**

بـه نـاوی تـۆ قـەسـەم دنیـا ئـەگـەر وێـران ببـێ هـەر دێـم
بە چـاوی تـۆ قـەسـەم دنیـا ئـەگـەر وێـران ببـێ هـەر دێـم

لەسەر دەستی هەبـوونی تـۆ دەخـۆم سـوێندی ئـەویـنـداری
نـەمێنـێ گیـان و هـەم دنیـا ئـەگـەر وێـران ببـێ هـەر دێـم

بە ئایەی پاکی ئەشقت سوێند کە سوورەی تاکی سەر هەردە
ببـاریێ بـەرد و یـا ڕێگـا ئـەگـەر وێـران ببـێ هـەر دێـم

بە پەیمانێک کـە بـەسـتوومە لـەگـەڵ بـەسـتەی وەفاداریـت
ئەگەر بشکێ دەس و پێ و ڕێی سەفەر وێران ببێ هـەر دێـم

بە هەست و سۆزێ وا ویستوومە لەم هەڵبـەسـتە نوێیـەمـدا
هەوارت کێوی قـاف، تـووران و گـەر ئێـران ببـێ هـەر دێـم

گـەلـێ ڕژد و گـەوە و هـەڵـدێر و زۆزانـم لـە پێشـدایە
بە گشتیان سوێند ئەگەر ئیمان و گیان و سەر بچێ هەر دێم

زەمانــە هــیچ بــوارێکم نــەداتــێ و پــاک هــەڵــم بــوێرێ
وەکوو سێبەر، لە ڕێی خەون و بەپێی خولیا، بەبێ ســەر دێــم

دەرۆستی ئەم دڵەم نایەن ســەدان کۆســپ و هــەزار لــەمپــەر
لــە ئــەو چــاڵی نــەهاتــەش هــەر بــە هێــزی بــاوەڕم دەردێــم

## (٣١)

عومرێکە لەبەر دەرکی خەیاڵ، خەم دەفرۆشم
زۆرم وت و کەس نەیکڕی لێم ئێستە خەمۆشم

تا پڕ بووە بازاڕی جیهان لە شمەکی چینی
پێم وا بەدەڵ و قەڵبە تەنانەت دڵی خۆشم

عەسرێکە لەدووی گەیشتن و تێگەیشتنە وێڵم
گشت خاوەن و خانن، ئەمنم خانەبەدۆشم

بیر و هزرین لەم سەدەیە پیری دەهێنێ
وا چاترە پێم گێزەر و توورم بفرۆشم!

پێم وایە خەتای خوایە کە گووی تێ بووە دنیا
گەر نا لە گلەی عالەمێ بۆ پڕ دەبوو گۆشم؟

"دنیا بە دەسی دەستەکەر و گایەکە"[1]، ڕاستە؟
یا تووشی نەخۆشینی وەهمزام و پەرۆشم؟

1 . دێڕێک لە چوارێنەیەکی خەییام، وەرگێڕراوی هەژار

"جاران بوو کە ماڵم دەچوو باقی بوو کەماڵم"[1]
ئێستاکە بەتاڵان چووە ماڵ و سەر و هۆشم

هەر ئەو کەسە پێم وا بوو کە دڵسۆزی نزیکمە
دەردێکی بە دڵ داوە کە عومرێکە نەخۆشم

مەیگێڕم ئەگەر تۆ نەبی پێم خۆش نییە بادە
دەستگیرم ئەگەر تۆ ببی گیرۆدە بە دۆشم



1.مامۆستا حەریق

## (٣٢)

ڕۆژێ دێ ئـەی نیشـتمانی تێکـەڵـی خـوێن و بـرین
وەک گـەلانـی سـەر زەوی ئێمـەش بـە ئـازادی بـژین

ڕۆژێ دێ دەرچین لە چاڵی نەگبەتیـی ئـەو ناوچـەیـە
وەک کفـارەی نـەوت لـە ئـەم بنـدەسـتییە ئـازاد ببـین

دێتـە دی خـەونـی لـەمێژینـەی وڵاتـی بـەفـر و خـۆر
ئاشـتی، ئـازادی، دڵـداری، ئـەویـن و پێکـەنـین

ڕۆژێ دێ وەک میللەتانی دیکە ئێمـەش پـێ بگـەیـن
لـەم بـەری دنیـا بـەرینـە مـافی خۆمـان وەرگـرین

هەڵدەبێ بەیداخی کوردستان لە سەرجـەم جێگـەکـان
نەقشی نەقشەی نوێ دەبێت ناوی بەهەشتێکی بـەریـن

ڕۆژبـەڕۆژ زیـاتر لـە ئـەم خولیایـە نێزیـک بووینـەوە
ئافـەریـن بـۆ ڕۆڵـەکـانی ژیـر و ئـازات ئافـەریـن

ئەو کەسەی پێی وا بـوو خـەونـی شـاعیرانە ڕاس نییـە
بـێ و ببینـێ ئـەو درۆیـەی تـا بـە ئـەمـڕۆ چـاترین

## (٣٣)

تینــی ئــازادی هــەتــا تــێ نــەگــەڕێ نــاخی گــەلێــک
داری ئــاواتی بــەری نــابێ ئــەبــەد بــاخی گــەلێــک

تا وەکوو شار و شــەقــام دەســت نــەخــەنــە نێــو دەســتی
سەری هەر پەست و بەتەنیا و بەتــەمــە شــاخی گــەلێک

خوێنــدەواری کــە هــەمــوو پــەڕپــەڕ و ئــاوارە بــبن
چــۆن بخوێنێتــەوە ڕابــردەیــی پڕداخــی، گــەلێــک

ئەو کــەســەی کۆڵبــەری ڕێــی ڕەنجــی ئــەوینــی تــۆ بــێ
دەپــەڕێنێتــەوە شــەومــاچی بــە قاچــاخی گــەلێــک

تــۆ ئــەگــەر ڕابپــەڕی و مــن لــەگــەڵــت ڕابپــەڕم
چۆن وەسەر ناکەوێ لەم بادەوە بەیداخی گەلێک؟

گەر بە هیوای وە خــەبــەر کردنــەوە لای یــەک بخــەویــن
تیشکی ڕووناکیی وەســەر ناپــەڕێ چارداخی گــەلێک

کە سبەی نەگرێ بە دەست لەنتەری سەرکەوتن و چــوون
نیـــوەخـــاڵی دەبریســـکێتەوە پـــەرداخـــی گـــەلێـــک

## (٣٤)

ئــەو تــازە ناگــەڕێتــەوە باوانــەکــەم بنــوو
تــۆی تــازە ناهــەوێتــەوە باوانــەکــەم بنــوو

ڕۆییــوە ســاڵەهایــە خــودای خۆشــەویســتی تــۆ
ڕێــی لێــرە ناکــەوێتــەوە باوانــەکــەم بنــوو

دڵ خۆش مەکە بـە تـۆوی چ هیوایـەکـی نزیـک
شــین نــابێ نارِوێتــەوە باوانــەکــەم بنــوو

ئەو باوەشەی پڕی ئەبەدییەت بـوو سـەد خـەسـار
یــەک چرکــە ناکرێتــەوە باوانــەکــەم بنــوو

ئەو چاوە شین و مەنـدە کـە دەریـای بـەیانی بـوو
حـەیفـێ شـەپـۆلی ناشـنێتەوە باوانـەکـەم بنـوو

دەسـتێکی پـردی شـێعر و ژیـان بـوو بـەداخـەوە
مـەودایـەکـی لـێ ناپـەڕێتـەوە باوانـەکـەم بنـوو

ترسـت هـەیـە بـە دەردی دوێنـێ بچـێ سـبەی
هاکـــا لـــە دەس ببێتـــەوە باوانـــەکـــەم بنـــوو

یادێکی کرچ و کاڵ کە بەجێ ماوە لێـی ئـەویـش
کـەم کـەم لـە بیـر دەچێتـەوە باوانـەکـەم بنـوو

تەنیا بە مەرگ و خەو نەبێ، هەرگیز لـە ژیـن دەنـا
ئـەو ڕووحـە ناحـەسـێتەوە باوانـەکـەم بنـوو

شـپرێو و زۆر شـپرزە دڵـی تـۆ بـەڵام ئـەشـق
لـــەم ژوورە ناحـــەوێتـــەوە باوانـــەکـــەم بنـــوو

## (٣٥)

بانــەڕۆژت ئــەی گــەلــی ژێــر و نــەبــەز ئێســتاکەیــە
ئاســمانی بــەختــەکــەت پاراســتنی ئــەم خاکــەیــە

چــاوی مێــژوو تــا بــە ئــازادی ئــەتــۆ ڕوون بێتــەوە
چلچــرای ڕێگــەت بزاقــی بێوچــان بــۆو ماکــەیــە

تاکوو دوژمن باش نەناسی خۆت نــەناســیوە، جــەخــار!
ئێســتە پێناســەت بــەدەســت ئــەو بــەدفــەڕە ناپاکــەیــە

بــەو زمانــە ســوورەیــە تــەنیــا جــەهانــت ســەوز ئــەبێ
زەردەی ئادگــارت بــەهــۆی ئــەم گوڵوشــە زگماکــەیــە

بۆ لەناوچوونــت نــەیــار فــەرهــەنگــەکــەت داگیــر دەکــا
خــەونــی بــوون و ژیتنــت ئــەم خــانووە ڕووناکــەیــە

سەیدەوانت تا بکووژی و خۆت وەجاغت کــوێر بکــەی
چــارەنووســت ئــەی عــەزیــزم ئــەو بــەشــە غــەمناکــەیــە

نــــەيتوانيــــوە نــــەيــــار قــــەت نێوقــــەدت ببڕێتــــەوە
دەســكی بيــور ئاشــنای ئــەم جــەنگــەڵــە هيلاكــەيــە

خۆت نكووڵی لێ نەكەی وەردەگری ڕۆژێ مافی خـۆت
كــەوتــن و ســەركــەوتنــت ئاكــامی ئــەو ئيدراكــەيــە

ڕوو لە ئاسۆی ڕوون وەلای نێ عـادەتـی كـۆن و خـراپ
دايــەنــی پيــرۆز و پــاك؛ ئــەو نيشــتمانە چاكــەيــە

دەرســی دڵســۆزی دەدەن كيــژ و كــوڕی دوورناســی تــۆ
بــۆ دەوای دەرد و برينــت پــاكی دادە و كاكــەيــە

## (٣٦)

له گۆشـەی بێکـەسـی ڕا سـەخڵـەتـی سـەر دەردەکێشـێت
وەفــاداری چمــا مــاوە کــە هــەر دێ و ســەر دەکێشـێت

لــەســەر بســتووی ژیــان ئــەو تاقــەدارەی وا دڵــم بێــت
هەوای بۆژۆ و گەنیوی شـار، شـەو و ڕۆژ هـەر دەکێشـێت[1]

گــەلێکــی خۆگــەز و بێــدەنــگ و بێگانــەم بــە مــافم
ســنوور بــاری هــەژارانــەم وەکــوو کۆڵبــەر دەکێشــێت

خــەمــی بێخــاوەنــی و شــیرازە تێکچــوون و وەشــانتان
تــەواوی تــان‌وپــۆی بــوونم لــەبــەر یــەک دەر دەکێشـێت

بە قەولـی حـاجی تـا وەک ئـاگری بـن کـان لـەگـەڵ یـەک
شکست، هەوساری لەشکرتان هەتا مـەحشـەر دەکێشـێت[2]

1. ئاماژە بە بەیتێکی مامۆستا محەممەدی نوورییە.

2. ئاماژەیە بۆ ئەم بەیتەی حاجی قادری کۆیی:

هەتا وەک ئاگری بن کان لەگەڵ یەک/ هەزار تۆفانی لەشکرتان بە پووشەک

پلـەی بـەرزی مـەقـامی میللـەتـان مێـژوو بـە گشـتی
لە تای ئەقڵ و بەپای هەوڵ و بەهـای جـەوهـەر دەکێشـێت

هـەتـا میـزان ببـێ ئـەنـدازەی ئـازادی، زەمانـە
بە سەنگی دەنگ و زەبری دەست و بیر، ڕووبـەر دەکێشـێت

بڵـێن بارگـە و بنـەی بـا تێـک بنـێ کـوردی بـەجێمـاو
کـە گـەمیـەی پێگـەییـوان ئێسـتەکـە لـەنگـەر دەکێشـێت

بە فیـڕۆ چـوو لـەتـاو دووریـت هـەمـوو عـومری عـەزیـزم
هـەتـا کـەنگـێ خـودا تـەرحـی بـەبـێ پێـوەر دەکێشـێت؟

## (٣٧)

دەڕوێــی لــە ئــەم جوگڕافیــا گــەچــڵاوەدا ڕۆژێــک
دەلــوێی لــە ئــەم دیرۆکــە پــڕ ئــاژاوەدا ڕۆژێــک

تۆ دەرسی ئازادی بە خەڵکــی فێــر دەکــەی، ئــەوســا!
پێشمەرگە هێمای خواست ئەبێ لەم نــاوەدا ڕۆژێـک

وەک ئایــەتێکــی پــاک و پیــرۆز و گــەلــێ ڕۆشــن
دەدرێی بە گوێی ئەم کەونە سەرسـوڕماوەدا ڕۆژێـک

وەک عەتر و بــۆنی بــاوەڕێکــی خــۆش و پــڕ شــیرین
دەپژێــی بــەڕووی دنیایــەکــی بــەســراوەدا ڕۆژێـک

دەشنێیەوە لــەم دەشــت و یاڵــە وەک شــنەی شــەوبــا
دەڕوێیــەوە لــەم شــاخ و کــۆ و ســەرکــاوەدا ڕۆژێـک

دەڕژێیــە نــاو جــەرگــی هــەژارانــی بــە زام تینــوو
سەرپەل دەبی لەم جەنگــی نــاو زۆنگــاوەدا ڕۆژێـک

نـاوت دەبێتـە خـاڵی وەرچـەرخـانی مێـژووی نـوێ
نەقشـەی وڵاتێـک دیـار دەبـێ لـەم تـاوەدا ڕۆژێـک

خەونت وەدی دێ و سەربەخۆییت ڕاستە کوردستان
کیژ و کـوڕی لاو بـانگی بوونـت قـاو ئـەدا ڕۆژێـک

## (٣٨)

به «خەییام»ی عومر بێژە: چ سەرخۆشتر لە چاوی
بە «دێکارت»ی فکر: من هەم کەوا زانیومـە نـاوی

مەزەی ماچی دەم و لێوە، "دیۆنیزووس"ەکـەی مـن
بە خاچی هیچەوە، «نیچـە»! بڵـێن: هـەڵواسـراوی

وتووێژێک لەگەڵ جەستەی کە دەستی من بکا ساز
دیالیکتیکی «هێگێل» هەڵدەپێچرێ هەر بە خـاوی

مەم و سینەی ئەتۆن سەرمایە، «مارکس» با نەزانـێ
کرێکـارم لـەبـن دەسـتیان بـە کـاڵی و پێکـراوی

درێـژەی ژینمـە دەسـتی، بـە «بـارتز» ڕاگـەیێـنن
نـە چیرۆکـی خـەم و دەردی ژیـانی خـوێنراوی

«فلاتوون» فێڵەزان بوو، شـاعیرانی بـاش دەناسـی
کە ڕێگەی پێ نەدان بۆ شارەکـەی تـا بچنـە نـاوی

لە گێژی پەرچەمی تۆ فەیلەسـووفان گێـژ و کاسـن
بە بێنی بسکی تۆ مەسـتن وشـەی شـێعرم تـەواوی

## (٣٩)

دەنگی ترپەی سەوزی پێت دێ ئەی بەهەشتی ئارەزوو
زایەڵەی یادت دڵم دێنێتە لەرزین زووبەزوو

لەم زەنای ئێوارەبازارە، نمەی خەونی ئەوین
تەپ دەشێلێ بانی گیان و تەڕ دەکا ڕووحم هەموو

ئاوپژێنە بۆ دەروونی ویشکەسی و حەوشەی هەناو
ڕێژنەبارانی سەرنج و پێکەنینی ڕووبەڕوو

دەمبەدەم گوێچکەی دڵم لەم گۆڕە دەزرینگێتەوە
بۆ زرینگەی زەنگی دەنگت ئەی مەسیحای ژین پشوو

سەرهەڵێنە ساتەوەختێک لەم کلۆڵەی بابی خۆت
بێ و ببینە چی بەسەر هێناوە جەنگی ئابڕوو

چاکی هێنا بەختی هەرکەس بەرد دەبێتە مێو لەبۆی
وەک منیش بێچارە بوو گەر؛ دانی دەشکێنێ پەڵوو!

هـەر کـەسـێکی بێفکـر بـوو زۆر بـە خۆشـی ڕابـوارد
نـانی خـاوەن ئـاوەزانـە ئێسـتە بـەسـتوویە کـەڕوو

لێی دەبەسرێ گشت دەلاقە و ڕۆچنەی ڕێگـەی نـەجـات
دادەپچـڕێ مـەرگ لـەبـۆ هـەڵلووشـتنی زار و گـەروو

داد و هـاواری دڵـەی سـەوداسـەرم بـۆ کـوێ بـەرم
خـەم هـەمـوو خوێنـاوی ژینـی هـەڵمژیـوم وەک زەروو

ڕوو لـە قـاپی ئاسـمانت ئـەی خـودا هـەر شـەو دەڵـێم:
ئـەم هـەمـوو ئـازار و زام و دەردە بـۆچی بـەس نـەبـوو؟

پێت کەمـە میـوانی مـەینـەت بـوون لـە ئـەم خمخانـەدا؟
وا خـەیاڵمـت ئـەی جـودایی کـردە لانـی کونـدەبـوو؟

خـاترەی دوور و درەنگـت گـەر دڵـم زاخـاو نـەدا
خـۆ زراوم لـێ دەتـۆقێ بـێ دەراو و بـێ دەروو

ئێسـتەش هـەر ئاهـەنگـی ئـەشـقی تۆیـە مـن دەیلێمـەوە
گـەرچـی عـومری نـامرادم وا لـە دەسـت بێهـوودە چـوو

تـا ئـەبـەد نـەبڕێتـەوە یـا ڕەب لـە کـۆڵانی خـەیـاڵ
ڕایەڵەی ڕێبواری ئەشق و دەنگـی ترپـەی پێـی ئـەتـوو ...

## (٤٠)

ئـەمشــەو دەرەقـەت نایـە دڵـەی تـاق و بـەتـەنیـا
هــاوارە لــە مــن بــۆ خــەمــێ هانیومــەتــە دنیــا

وادەی هەرەسی مـەرگـە بـەسـەر شـانی تـەمـەنـدا
هــەر چوارپــەلــی ڕووحــم بــزر و وردە لــە بنیــا

نــەبــڕاوەیــە یــەڵــدای خــەمــی بێکـەســی خـاکـم
کــە بــڕاوە هــەمیشــەی غـەزەلـی شـین بـە بـەژنیـا

بۆ نــەگبـەتـی خـۆی و غـەزەبـی خوایـە کـە مـاوە
ئەمشەو کە دەخنکا و لەبەر ئەو لــووزەوی خوێنیــا:

«ئـاوازی هــەزار بولبـولی شــەیـدا»ی[1] دەســتڕی
ئـەو ســوورەگوڵـەی هـەر بـە شـنەی زامـەوە شـنیا

1. لە گۆرانییەکی عەبباس کەمەندییەوە وەرگیراوە.

**(٤١)**

بـۆ چـی دەهـاتی ئـەگـە دەتزانـی دەبـێ زوو بـڕۆی؟
چیت لە دڵم دابـوو کـە نـازانی چلـۆن خـەم بخـۆی؟

بـــۆچی دەهـــاتی کـــە بشـــێوێنی ســـەری هێـــورم
تازە چلـۆن بـەم هـەمـوو سـەوداوە بپـەرژێتـە خـۆی؟

بـۆچی دەهـاتی چـەمـی ئـارامی نیگـام لێـڵ بکـەی
تۆ کە دەبـوو ڕۆژێ بـەجـێ بێڵـی کـەنـار و سـەکـۆی

چیت لە کەلاوەی دڵی تەنگـی منـی تـەنیـا دەویسـت
هـاتی سـەرت خسـتەوە دیـواری خـەم و ژان و سـۆی

دادەڕمـا هێـدی لـەگـەڵ بـوردنی کـات نـەک لـەپـڕ
تۆ کە نەبووبـای بـە کـەس و خـاوەن و بـاوان لـەبـۆی

من دڵم ئەو شووشەیە بوو هەر بە هـەناسـەی ڕەشـیش
درزی دەدا، بەردی وتەت پێی دەبوو نەشکێ شکۆی!؟

مـن تـەمـەنـم خێـوەتـی تـەنیـایی و تـەم بـوو گـوڵم
بۆچی بەجێت هێشت ڕەشـەبـا تێکـی بـدا تـانوپۆی؟

مێرگی دەروون ڕوون و بەبێ گـەرد وەکـوو ئاوێنـە بـوو
ژەنگــی هــەڵێنـاوە لــە داخــان دەبــێ چـۆنی بشـۆی؟

هاتبوو بە سەد نـاز و بـە یـەک جیلـوە جیهـانمی دزی
من بە هــەزار ڕازەوە مـام بـۆ خـەفـەت و شـین و ڕۆی

نا نــەدەبــوو هێنــدە وەدوای ئــەو خــەت و خاڵــە کــەوم
نـا نـەدەبـوو دڵ بکــەمــە شــوێنی ئــەویــن و مــەکـۆی!

چەشنی حــەڵــەب ئێســتە کــە وێرانــەم و ئــازاد بــەنــاو
دێتــەوە بیــرم هــەمــوو ڕۆژێ چ بــوو هۆکــار و هــۆی!

ئێســتە کــەوا داری لــەســەر بــەردی نــەمــاوە دەروون
دەمبەدەم ئـەم هـۆرەیـە دەژنـەومـەوە؛ بـوونم ئـەتـۆی

**(٤٢)**

دوێنێ نە لەلای خۆم نـە لـەکـن تـۆ خـەبـەرم بـوو
گومڕاییـەکـی بـێ سـەرەتـا هاوسـەفـەرم بـوو

ئـاوارەتـرین بێکـەسـی بـەردەسـتی هـەناسـە
"ئـاژاوەیـەکـی دانـەکـوژاو" پـڕ بـە بـەرم بـوو

مـن ئـەو تکـە تـەنیایـە کـەوا دانـەدەبـاری
مـن ئـەو پلـە خوێنـاوە کـە ڕیشـەی جگـەرم بـوو

ئەو جەغزە بەبێ بـەرهـەمـەی هـەر گـەورە دەبـۆوە
ئەو خاڵە کزەی بێ سەروشوێن مابوو: سـەرم بـوو!

ئـەو شـارە برینـدارە کـە نـاوی یـەکـەمـی: مـەرگ
ئەو شێعرە هەژارەی نەدەنووسرا و لـە بـەرم بـوو! ⬇

مـەیخانـەیـەکـی چـەنـدە دڵاوا بـوو زەمانێـک
خـوێنێ کـە نیشـانەی دڵـەکـەی دەربـەدەرم بـوو

وێرانـەیـە؛ ناچێتـەوە سـەر یـەک بـە خـەیـاڵیش
ئەو خانووە وا سەردەمێ: جێی خەونی گـەرم بـوو !

ئێســتاکە دەڵێــی کۆنــەکــەلاوەی بنــی خاکــە،
بیرچوونــەوە واتایــەکــی کــاڵی قــەدەرم بــوو

(٤٣)

ئێوارە بــوو ئادگــاری زەمــەن پــڕ لــە درۆ بــوو
شار مات و خــەفــەتبــار و دڵــم تامــەزرۆ بــوو

بۆ تۆ دەگەڕام و کەچی تــۆم هــەر نــەدەناســی
هەوساری خەیاڵم بەدەســی چــاو و بــرۆ بــوو

دەمگوت ئەوەیان مافی منــی پێــوە نییــە هــیچ
چون دەستی لەناو دەستی جحێلێکیتــرۆ بــوو

تۆ ڕەنگە هەر ئەو وەختە لە زانینگەیەکی دوور
توێژینەوەکەت؛ هۆگەلی تەنیایی مــرۆ بــوو!!!

یان ڕەنگە لە نــاوەنــدی ئورووپایــەکــی ئــازاد
خەونت خەبەری مەرگی فیدل کاسترۆ بــوو!!!

یــــان ڕەنگــــە لـــــە ئاواییــــەکـــی دووری وڵاتـــم
بیرت وەکوو بارانــە، تــژی شــیر و فــرۆ بــوو!!!

یا نا لە شەقامێکی سەمەرقەندی قەدیمدا
بۆ شاعیرێ سەرمەست قژی خاوت نگرۆ بوو

ئەمما ئەوە من بوو کە بە تەنیایی هەر ئێستا
بەردەستی تەم و گێژ و لە غەمدا نغرۆ بوو

ئەمما ئەوە من بوو کە دەباری لە غەریبی
پەتیارەیەکی ڕووت و ڕەجاڵ و مجرۆ بوو

بۆ تۆ دەگەڕام و کەچی تۆم هەر نەدەناسی
ئێوارە بوو ئادگاری زەمان پڕ لە درۆ بوو

## (٤٤)

سـەد خۆزگـە بـە هـەسـتی ئـاوەڵاوە
ئـــاوڕێکی لـــە دڵ کـــەســـێ دەداوە

ڕۆژێکی دەهات بە چاکی؟ چۆنی؟
هــەرگیــز نــەدەڕۆیــی لام دەمــاوە

دەیهــانی کتێبــی خۆشــەویســتی
تــا لاپــەڕی دوایــی هــەڵــدەداوە

دەیخوێندەوە ئەلـف و بێـی جـوانی
هــەڵبــەســتی ئــەوینــی ڕادەنــاوە

دەرســـــی دڵ و ئاشـــــقی دەزانـــــی
بــەو فرچکــە چونکــە گــۆش کــراوە

دەیشووشتەوە جامەکی دڵی تــەنــگ
بــەو خــەونــە کــە بــوونی نــاو نــراوە

دەیکــردەوە پــەنجــەرەی خــەیــاڵم
دەســتێکی کــە ســەرچڵــی هــەتــاوە

ماچی دەمی، مەستی پێم دەبەخشی
شـــابەیتـــی ژیـــانی لێـــک دەداوە

هانـــایێ ببوایـــە بـــۆ هـــەنـــاوم
هـــەتـــوانێ لـــە ڕەنگـــی هـــۆنراوە!

هیـــوا دەبـــوو بـــۆ دەروونـــی تـــارم
ســـــوکنایی دڵێکـــــی کپکـــــراوە

بـــارانی بـــزەی کـــە دادەبارانـــد
کوێســـتانی غـــەمـــم تـــەواو دەتـــاوە

گەرمایی نیگای کە تێ دەگرتم
تۆ بڵێ کە هەتاوە داگەڕاوە

باڵامی لە تیشکی هەڵبکێشا؛
ئەو چاوەیە ئاوی تێ دەزاوە

دیسانەوە ژینی بۆم دەهێنا
سەد خۆزگە کەسێک لەلای خوداوە

## (٤٥)

تــا ســنووری شــێتی هــاتووم ڕۆژ ئــەوا ئــاوا دەبــێ!
بــارەکــەم قــورس و گرانــە کــوانێ ژیــن ئــا وا دەبــێ؟

زۆر لــەمێــژە خــۆ بــەڕێــوەم باشــە ئــەی بــۆ ناگــەمــێ؟
گـــەورەیـــی و داد و دڵۆڤـــانی خـــودا کـــوا وا دەبـــێ؟

لاشـــە کزتـــر، پـــارە کـــەمتـــر، بـــارەکـــەم پڕکێشـــترە
چارم ئەمما چاوی تاکـەی هـەر بـەلای خـاوا دەبـێ؟

زۆر بــواری ڕژد و ســەخــت و تــاڵم ئــەمــڕۆ تێپــەڕانــد
عومری تەنیـام بـۆ سـبەینـێ بـووکی کـام زاوا دەبـێ؟

سەد کەمین و کەند و کۆسپ و مین و لەمپەر هاتنە ڕێم
ئەو هەموو چاکەم هەتا پـەسـڵان لـەنـاو چـاوا دەبـێ!

هـــەر بینـــا ڕۆژێ لـــە هـــەڵدێرێکـــەوە بـــەربوومـــەوە
هــاتنم چــون ســوتفە بــوو مــەرگــیش لــەناکــاوا دەبــێ

دادی ئازادی و دروشمی زەرد و سوور تا بێتە گوێم
چوارپەلی ڕووحم هەمیشە هەر لەناو داوا دەبێ

داشداری ئاشتیخوازی و هەمبەری تا ئێوە بن
من بەش و مافی مرۆیانەم لەپێی ناوا دەبێ!

لاگریی یەکسانیی و لایەنگریی خەڵکی هەژار
وا بەدەم ئاسان و سووکە بۆیە داد بەرباد ئەبێ

ڕۆژێ دێ هەر بەو مەتومۆرەی درۆکانتانەوە
وەک (پەشێو) یاری بکەم هەرچەندە کات ناوادە بێ!

داکەوە ئاران بە دادت کەی دەگەن دنیا و خودا؟
خەڵک بە هەوڵی خۆیەتی، ئازاد و ماڵ ئاوا دەبێ

## (٤٦)

دەڵێن دوێشەو دڵی سەوزت بەکوڵ بــوو
تکــەی ئاونــگ لــە چاوتــدا ســکڵ بــوو

وەکــوو لاولاو لــە بــاڵای هــەر دەهــاڵا
خەمێکی قووڵ کــە میوانــداری دڵ بــوو

خەیاڵی خۆشەویستێک تــۆی دەبــرد تــا
هەوارێ دوور کە بۆی مــاڵ و مــزڵ بــوو

لەشت پێیدا دەهات مــووچڕکی پــڕ ژان
لەبەر دیدەت وەکوو ئاسک کە سڵ بــوو

تەزووی ئەشقێک وەها جەرگی دەبرژاند
چمــا کــەمتــر لــە ئــاگردان و کــڵ بــوو؟

دەمێک ئــەو مــامزەت بــۆ دەســتەمــۆ بــا
هەموو دونیــا لــەبــەرچــاوت ڕەمــڵ بــوو

تەلی ڕووحتی دەبزواند زەنگــی دەنگــی
لەسەر خەرمــانی بــاوەڕتــا شــەقــڵ بــوو

بــزەی لێــوی کــەنینــی مــۆنجی دەریــا
لەناو دێمی دەروون چەشنی شەتڵ بــوو

لە دەستی ئەشق ـ دابــوو ســەروەری تــۆ
حەز و دڵسۆزی کەی کاری ئەقڵ بــوو؟

چلۆن بەو گشتە جیلوە گــۆش کــراوی؟
کە ئادەم بــەرهــەمێکــی ئــاو و گــڵ بــوو

بە دڵتــەنگــی لــەبــەر چــی وا دەگریــای
کە فرمێسکیش لەڕووی تۆدا خجڵ بــوو

دڵی سەوزت گڕووی چێ لێ دەگرتــی؟
چقڵ کوێرا نزیکــی ســوورەگــوڵ بــوو؟

(٤٧)

عـەزیـزم تـۆ لـە بنکـی بیـری کـەنعانمـا بـەجێمـاوی
وەکوو گـەنجـێ لـە وێرانـەی دڵ و گیانمـا بـەجێمـاوی

ئەمن دیلێکی بەردەستی نەبوونی تـۆم و تـۆ وەک مانـگ
لە چوارچێوەی دەلاقەی تـەنگـی زینـدانما بـەجێمـاوی

دەڵێی نیلووپەڕی شین بووی لەناو پەنگـاوی ئـەسـرینم
وەکــوو نێرگــز لــە کــانی ڕوونــی چاوانمـا بـەجێمـاوی

ئەوینـت دایـدڕیوە شـیوی جـەرگ و دڵ وەکـوو بـەفـراو
لەناو دۆڵی دەروون و ڕووحـی کوێسـتانما بـەجێمـاوی

ئەگەرچی چەشنی لافاو توند بەسەرما هاتیی و ڕۆیشتی
بـەڵام وەک ئـاودڕ و کـەنـداڵێ لـە ژیانمـا بـەجێمـاوی

ئــەوەنــد شــیرینە زاراوەت بــە زاری تۆیــە داخێــوم
فرێتـی نـوێی بفکرینمـی و لـە ئـەزمانمـا بـەجێمـاوی

دەزانــم تــازە نــاچێژم مــەزەی مــاچی دەم و لێــوت
بــەڵام تایبــەتتــرین تــامی و لــەبــن دیانمــا بــەجێمــاوی

ئەگەرچی وەک چەم و ڕووبار چیای ناخم بەجـێ دێڵـی
جگەرگۆشەی وەکــوو شـێعر و لــە دیوانمــا بــەجێمــاوی

## (٤٨)

ساقی بە فیدای ودمی دەم و جامی شەرابت
تێراو کە دڵم تاکوو تەواو دەبمە خەرابت

وا ژەنگی هەڵێناوە دەروون، ڕژدە ژیانم
ڕەنگی بەرە، ڕوونی کەوە بەو بادەیی نابت

دڵ ناگرێ بەرگەی گڕی دووریت ... دە ساقی!
ئەمشەو بگە فریام کە سووتام ... لە تابت!

بۆم بێنە هەواڵێک لەمەڕ ئەو دڵبەرە دوورە
هەرچەندە کە زۆر تاڵ و گرانیش بێ جەوابت

بێدەنگ و گرانبار و ئەویندار و بەتەنیا
من ماومەتەوە بۆ سپەری ڕەنج و عەزابت

هەر جارێ دڵم بگری وەخۆ، دێتەوە سەر خۆی
مەشکێنە سەری بەم کەسەرە تۆ سەری بابت

ئەمشەو دەمێ ماچی دەمەکەت ساقی کەرەم کە
حازر بێ تا ئەو مەزە، برژاوە کەبابت

## (٤٩)

ژیــانێکی تــەک و تــەنیــام بــەڕێ کــرد
تەک و تەنیـا هــەمـوو دونیـام بـەڕێ کـرد

کە تـۆ ڕۆیشـتی لـەبـەر دەرکـی ئـەویـنـدا
دڵێک و سەد حەز و خۆزیـام بـەڕێ کـرد

خەم و خولیا بە هیچ جۆر لێـک نـەهـاتن
خەمم میـوان دەبـوو خولیـام بـەڕێ کـرد

ســەرێکــی پــڕ لــە ژان و ئــێش و ئــازار
هەزار کۆرپەی حــەز و بریـام بـەڕێ کـرد

کــە شــەو داهــات لــەبــەر تیشـکی پـەژارە
هــەزاران خــەونــی ناوریـام بـەڕێ کـرد

بەدڵ هــەر ئـاهی گـەرمـم هــەڵـدەکێشـا
هەنسکی سـاردی بـێ فریـام بـەڕێ کـرد

بەجووت تا نیوەشەو هـاوڕێی خـەیـاڵات
وەنەوزمـان یـان دەتـاران یـام بـەڕێ کـرد

بــە بێــدەنگــی لــەپــاڵ دیــواری مــردن
گەلێک هەستی وەک ئاوەنیام بـەڕێ کـرد

لەڕێدا بوون کە بێن زۆر بـەیتـی دیکـەش
کوتم پێش ئێوە سـەد هۆنیـام بـەڕێ کـرد

هـەمـوو سـەبـر و قـەرار و بیـر و هۆشـم
بەجـارێ ئـەودەمـەی گلیـام بـەڕێ کـرد!

## (٥٠)

وەرە و میـــوان ببـــە لـــێم ئـــەی ئـــەوینـــی نـــوێ
کە عومرم ماڵی خۆتـە ڕوو مـەکـە هـیچ کـوێ

بەخێـر و زۆر بـەجـێ هـاتی چ بێکـەس بـووم
دەروون ئامـــادەیـــە تـــا تـــۆی تییـــا بـــڕوێ

پەڕوباڵمـت ئـەگـەرچـی زۆرکـەڕەت سـووتان
بـــەدەم بـــای باڵـــەوە دەژییێمـــەوە لـــەنـــوێ

لـــەلام دانیشـــە تـــاوێ ئـــەی فریشـــتەی تـــاک
لـەگـەڵ ڕووحـم بـە چرپـە و سـرتەوە بـدوێ

هـــەنـــاوم هـــەر بـــە نـــاوی تـــۆ دەدەم زاخـــاو
لـەبـەر چـاوی ئـەتـۆ دەبمـە سـەراپـا گـوێ

ئـــەوینـــداران دەناســـن دەردی تـــەنهـــایی
بـڕۆ سـۆفی سـەرت لـەم باسـە هـەڵمـەسوێ

بــــەپێــــی دڵســــۆزی میزانــــە دڵــــی ئێمــــە
بــەگــوێرەی خۆشــەویســتی بوونمــان دەلــوێ

بــە ئــەزمــوون و خــەتــای ئــاوەز چ موحتــاجین
بە نووری بادە پاک و پیس ئەکەین لێـک جـوێ

## (٥١)

حورمــەت و ڕێــزی ئــەویــن ڕاگــری
تــا خــودا حــەز کــا بــە دیــنم کــافری

جــوانی بــەخشــیوە بــە ڕوخســارت نیگــام
بۆیـــە ئـــاوا دڵـــڕفێن و دڵگـــری

ڕەنــگ و ڕەنجــی جوانپــەرەســتیت دیتــووە؟
خــۆر و بــەفــری، چــەشــنی ئــاو و ئــاگری!

ڕەنگــی جوانیــت بــەرهــەمــی ڕەنجــی منــە
جوانپــەرەســتم هــەر بــە دیــدەی شــاعیری

بـــەم هـــەمـــوو تـــەرزە دەتـــارێنی دڵـــم
بۆ مــەگــەر ئــەفســوونگەری یــا ســاحیری؟

دەرسی سیحرت تۆ لەلای کێ خوێنـدووە؟
[بـــۆ فریـــوم چۆنـــە ئـــاوا مـــاهیری][1]

1. ئاماژە بە دێڕەشێعرێکی مامۆستا کوردی

گــەر لــە هــەڵبــەســتی ژیانمــدا هــەبــی
ســــەربڵنــــدی! دڵنیــــا بــــە! نــــامری

تــا لــە مــن دووری لــە خۆشــم غــایبم
تــۆ لــەبــەر چــاوم کــەچــی هــەر حــازری

گەرچی شــاری ڕووحمــت چــۆڵ کــردووە
[هەر ئەتۆم ئێستاش لە خــەڵکــی چــاتری] [1]

1. ئاماژە بە دێڕەشێعرێکی مامۆستا کوردی.

**(٥٢)**

چۆڵـەوارێـک بـووم بـە ترپـەی پێـت لـە گـۆڕ ڕابوومـەوە
کۆڵەوارێـک بـووم بـە تیشـکی چـاوەکـەت چـا بوومـەوە

نەمدەزانـی کـێم و چـیم؟ نـاوم چییـە و بـۆ چـی دەژیـم؟
هەر لـە ئـەووەڵ دەوری یـاریی عـومری خـۆم مابوومـەوە

دەرکـی دەرک و دەسـتی هـەسـت و بـاڵی بیـرم بـەسـتبوو
تـەڤگـەڕ و تـەون و تـەڵـەی ئـەم گـۆڕە خـۆم نابوومـەوە

کۆن دەبێ و نافـەوتـێ ئـەممـا وەک دەڵـێن ڕووح و ڕەوان
قـەرزی تـازە و کۆنـە هـەرچێکـی هـەبـوو دابوومـەوە

بـەر لـەوەی ڕێ بـەرمـە نـاو ئـەم چۆڵـەواری غوربـەتـە
تـازەلاوێـک بـووم ڕەهنـدە هێنـدە نـەشـکابوومەوە

هەر لەنێوان خۆم و مـەرگ و خۆزگـە، هـاتووچۆم هـەبـوو
چەشـنی چـەرمـی ئـاوەسـوو بـەم جـۆرە نـەسـوابوومەوە

شێعری تەنیایی و ئەوینم ئەودەمیش هەر خۆش دەویست
وەک مـــەلێکـــی لانـــەواز ئـــاوا نـــەڕووتابوومـــەوە

دەرس و دەورم زێدەتر هـەر زیکـری نـاوت بـوو کـەسـم
قەت لە پشت کۆنکـووڕی ئـەشـقی تـۆ نـەگیرسـابوومەوە

.
.
.

لایــەنــی ترســم دەگــرت و لــێم تــەوەلــلا بــوو ژیــان
تــۆ کــە هــاتی ئــەودەمــە زانــیم و یــەکــلا بوومــەوە

## (٥٣)

تـۆ شـەهیـدی نیشـتمانی و مـەشـخەڵـت بووژانـدەوە
ئـــاگری ئـــاورگی ئاڤێســـتاییت هـــەڵگیرســـاندەوە

کـوردەواری هـۆرەی ئـازادی و ئـەوینـی خـۆی چـڕی
تۆ بـە ئـەم گـۆرانی گـەرمـی خوێنـە بـۆت ئـەستاندەوە

پردی پێوەندی ئەویـن واژۆیـەکـی تـۆی پـێ دەویسـت
گیانی خۆت پێ بـەخشـیی و پێـوەنـدەکـەت سـازاندەوە

بوولەرەی کەرکووک بوو کرماشـانی ئـاوا تونـد هـەژانـد
مـەرگـی تـۆ سـێبارە پشـتی میللـەتـی لـەرزانـدەوە

هـەر لـە کرماشـان هـەتـا بۆکـان سـڵاوت لـێ دەکـەن
کـۆڕی یـەکڕیزیـت لـە کوردسـتان ئـەوا ڕازانـدەوە

خزمەتی خەڵک هەر بە سەرمایە و سەرۆکبوون خۆ نییـە
ڕووحی گەورەت ڕاستەقینەی ئـەم قسـەی سـەلمانـدەوە

گەرچـی زریـان، هـەسـتی وەرزی سـاڵەهـا تاسـاندبوو
نـەوبـەهـاری کـوردی ئـەمـا کـۆچی تـۆ ڕاسـاندەوە

## (٥٤)

بوومەلەرزەش نایهـەژێنـێ ئـەو دڵـەی کـەرکـووک ڕمانـدی
قەمچـی سـەرمـاش نایتـەزێنـێ دەسـتێ، ناپـاکی ڕفانـدی

بـــاڵی هیـــوای هـــەڵـــوەرانـــدم ڕۆژگـــاری نـــامرادی
ناکـــەوێتـــە پێمـــەلـــە گیـــانێ کـــە تـــەنیـــایی ڕچانـــدی

خسـتییە بـن خاکـەوە خـەون و خـەیـاڵی سـەربـەخـۆیی
ئەو ملەی خۆخۆرییـەی بـاخی لـە خـوێن یـاخی ڕوانـدی

هێـــزی لافـــاو ڕایـــدەمـــاڵێ دوانیشـــانەی شـــوێنەوارم
چـش! کـە چـڕژی دا حـەیـام و ئـابڕووم خـۆیی ڕژانـدی

تـازە خـۆی ناگرێتـەوە شـاخێک ئـەگـەر بنکـۆڵ کـرا بـێ
ئـەو ڕەپسـتەش نـاڕوێ وا لـووزەوی غـەدرێـک ڕزانـدی

ئـەو وڵاتـەی چـەن هـەزارسـاڵە زەمانـە پێـی نـەوێـرا
داخـەکـەم بـۆرانی کـووری خێڵـەکـی و حیزبـی ڕەتانـدی

کەی وەدەس کورد دێتەوە غیرەت، بە دەنگی بەرز لە قاو دەم:
خـــاینی خـــۆیڕی بـــە گـــۆڕی بـــابی خێویـــدا ڕیانـــدی

## (٥٥)

عـەتـرت هــەر مــاوە لــەنێــو بیرگــەی تــەڕی بارانــەدا
بسکەکەت بۆی سەربزێـوی پـەنجـەکـەی بـاران ئـەدا

پەرچەمـی خـاوت شـنەی خسـتە هـەوای لـەرزانـەوە
پەنجـەرەی چـاوت جیهانێـک جـوانی بـەو کۆڵانـە دا

سینەی ئاسۆت پڕ لـە ڕەنگاڵـەی پـەرۆشـێک کردبـوو
هــەورییێکــی ماتــەمینــت دابــوو بــەو ئاســمانەدا

ئێستەش هەر دەیڵێنەوە ئاهەنگی هەنگـاوت، گـەڕەک!
ڕەوتــی ڕۆیینــت چ ڕیتمێکــی بــە ئــەو نۆتانــە دا

چـی شـەقـام و جـادەیـە تـا مـاڵی ئێـوە ڕاخوشـین
بانگی دڵداریت بە گـوێی ئـەو شـار و دەرک و بانـە دا

ڕوونـە ئاوێنـە لـەبـەر چـی سـەرلـەبـەر وا بۆتـە چـاو
کــێ پــەرێشــانی وەهــای هێنــا بــە شــانی شــانەدا

هەر گوڵی قاڵین هـەراش و ورد لـە خۆیـان دەردەچـن
تــاکوو پێـت نـاوە بـەسـەر ئـەم ڕایـەڵ و پـۆ و تانـەدا

**(٥٦)**

باكوور شەڵاڵی خوێنە و دنیا تەواو دەبەنگە
منداڵی کورد دەکوژرێ و حەتتا خودا بێدەنگە

پۆلیس و ئەرتەشی تورک ڕژانە گوند و شارم
کوردی بەبێ داژدارە ئامانجی بەر تفەنگە

نەقشە و پلانی ڕێگام بە خوێنی خۆم دەنووسم
تێنووسەکەی بەردەستم بەفری سپی و یەکڕەنگە

هەرزان دەکەن خوێنی سوور، شار و دێ دەکەن خاپوور
دژن دژی تیشک و نوور، خودای مەرگیان پێشەنگە

ژن و کچی وڵاتم بەڵام بوێر و وریان
چقڵی چاوی نەیارن، کۆیلەتیان پێ نەنگە

دایکانی نیشتمانم لەباتی تازیەداری
چەکی شەهید لەسەر شان، بۆ تۆڵە دڵیان تەنگە

## (٥٧)

ئێــواره دەســـووڕامەوە لـــەم شـــاره بـــەبـــێ هـــۆ
باویلکـــەیـــەکـــی ســـادە بـــەدەســـت بایـــەکـــی نـــامۆ

جارێ لە خـەمـی مـووی ڕەشـی شـۆخێکەوە پێچـرام
جــارێکی بـــەتـــاو کـــەوتمـــە نـــاو گێـــژەوی مـــانتۆ

ســـەدجـــار بـــە بـــزەی ناســـکی کیژێکـــەوە پـــروام
ســـەدجـار بـە شـنەی عـەتـری ژنـێ بوومـەوە پشـکۆ

نـــەیکـــردەوە کـــەس ڕۆچنـــەیـــەک ڕوو بـــە مـــەراقـــم
کـــەس پـــەنجـــەرەی ئاواڵـــە نـــەکـــرد بـــۆ حـــەزم ئـــەمڕۆ

نـــەیکـــردەوە کـــەس ناولـــەپـــی بـــۆ چۆلـــەکـــە ماچێـــک
نـــەیگرتـــەوە کـــەس بـــاوەشـــی بـــۆ غوربـــەتـــی پـــەتـــرۆ

نـــەکرایـــەوە هـــیچ دەرکـــەیـــەکـــی خـــەنـــدە بـــە ڕووتـــا
نـــــەبڕایـــــەوە ڕێگـــــەی کـــــەســـــەر و دەرد و کوڵوکـــــۆ

نەزڕایەوە گـوێی هـیچ کـەسـێ بـەو بـانگی ئـەوینـە
نـەشـنایەوە هـیچ هـەسـتێ بـە سـروەی دڵـی پـڕ سـۆ

سەد خۆزگە دەبزوا بـە ڕەزای بسـکێ، حـەزی دەسـت
خۆزگــە دڵـــی دەنگـــاوت یـــەکـــەم زەردەیـــی ئاســـۆ

سەد خۆزگـە منـت جـێ نـەدەهێشـت لێـرە بـە تـەنیـا
ســەد خۆزگــە کــە وێڵــت نــەدەکــردم بــە شــەو و ڕۆ

بـێ تـۆ هـەمـوو دنیـا هـەرەسـی مـەرگـە بـەسـەرمـا
بـێ تـۆ پـەڵـەیـێکم ڕەش و غـەمگـین و بـە ئـاهۆ

بـــمبینـــەوە وێڵـــم مـــەکـــە لـــەم شـــارە غـــەریبـــە
تـــا داری ژیـــان بێتـــەوە بـــەر بگـــرێ پـــەل و پـــۆ

لـەم شـارە گـوڵم کـەس نییـە دڵ بگـرێ وەخـۆی و
بیخاتــەوە ســەر ڕێچکــەیــی ئاســایی دەقــی خــۆ

ئێـــوارە بـــوو دڵ وەک پـــەڕەکایـــەک لـــە هـــەوادا
من بووم و کزەی جەرگ و چزەی مەرگ و چـەق و چـۆ

ئــاوارەتــرین دەربــەدەری دەســتی ئــەویــن بــووم
تــەرمێکــی تــژی ژان و پــەژارەی بــەبــێ گڵکــۆ

نــــاوازەتـــرین ڕازی غـــەریبـــی لـــە زەمانـــدا
ڕازاوەتــرین بــەنــدەنــی بێــدەنگــی لــە گشــت کــۆ

تــەنیاییــەکــی مــەســت و مژیلــی هــەمــوو دەوران
لـــەم شـــارە دەســـووڕایەوە شـــێتانە بـــەبـــێ تـــۆ

پــەتیــارەتــرین هاوســەفــەری بێکــەســی مــن بــووم
باویلکــەیــەکــی سـادە بـەدەسـت بایـەکـی نـامۆ

## (٥٨)

وەک دەردێ دەکاوێتەوە هەر کاری کراوە
ئەو شاعیرە وا ناوی بە شێت لێرە براوە

خۆی لێ مەدە وێرانەیە ناچێتەوە سەر یەک
ڕووی تێ مەکە دێوانەیەکی پاک حەپەساوە

باسی مەکە ئاوارەیەکی بێ کەس و کارە
ناسی مەکە بێچارەیەکی ڕووتی تەواوە

مەیخوێنەوە داستانی هەڵە و هوونە هەناوی
مەینووسەوە بەیتی خەم و خەونێکی زڕاوە

زۆر بیرەوەری ناشتووە لەم شار و شەقامە
ویستی دڵی زۆر کوشتووە ئەم توولەز و داوە

وەک لاوی بەجێی هێشتووە ئاوات و هومێدی
وەک کیسەڵێ قەدرێکە لە قاپیلکی خزاوە

ئەو کاتە کە خۆی چـاک نـەدەناسـی دەگـەڕا لێـت
ئێسـتاکە تـەواو تـوێخی چـووە کـاتی نـەمـاوە

گۆڕخانـە دەلاوێنـێ هـەناسـەی دڵـی تـەنگـی
مەیخانـە دەڕووخێنـێ کـە شووشـەی لـێ شـکاوە

ئـەو ماڵـە دەهێنێتـەوە بیـری دەمـی تـاڵی
ئـەو ماڵـە چهـا کـوێرەوەری لـێ نـەڕواوە

زۆر تـەنگـەبـەرە کووچـەکـەتـان نایـەتـەوە قـەت
ئـەو جـادە هـەراوەی بـە غـەریبـی سـەری نـاوە

## (٥٩)

## وردەساتێک لە خزمەت مامۆستا هێمن‌دا:

چما یارا بزر بووی هەر بەجارێ
وەکوو خۆری لەبن هەوری بەهارێ

«لە من‌ڕا خۆ خەتایەک ڕووی نەداوە«
لە تۆڕا بۆچی بۆم هەر جوێن دەبارێ؟

«عەزیزم بۆچی تۆراوی لە خۆڕا؟»
وەسەر کەوتووی لە کەل نایەیتە خوارێ؟

«ئەتۆ وا زوو لە بیرت کردم» ئێستاش
بە چاوم دا دەدەی تانە و پلارێ

«ئەسیری کەزیەتە کۆتری دڵی من»
بە بای مەسپێرە تا کەمتر بتارێ

«سەر و ماڵ و کەماڵ و بیر و هۆشم»
بە دەستاڕی خەمی قورسی دەهاڕێ

«له چاوم دێ بـەخـوڕ فرمێسـکی خـوێنین»
لـــە دڵ نایـــە بـــەڵام دەنگـــی دەمـــارێ

«مـن و لاشـەی پـەپوولـە مایـنـەوە و بـەس»
لـە شـوێنی شـەم نـەبـوو هـیچ ئاسـەوارێ[1]




1. ڕستەی ناو کەوانەکان، شیعری خودی مامۆستا هێمنن.

## (٦٠)

نە خۆرم بە و نــە مــانگم، نــە ئــەســتێرەی شــەوانــم
نە خەرمانــە و نــە پڕشــنگ، نــە کــازیوەی بــەیــانم

نە باران بە و نە دەریا، نە خەونی خــۆش نــە خولیــا
نـــە ویســـتی دڵ نـــە بریـــا نـــە ئاســـۆی ئاســـمانم

ڕەفیقــی ڕۆژ و شــەو بــە، هــەڤــاڵی کــاتی خــەو بــە
لەگەڵما نەو بە نەو بــە، وەکــوو گووشــیم بــە خــانم!

نــەبــی مانــدوو لــە کرتــەم، ببیســی دایمــە ورتــەم
مەهێڵە چرکەیەک کەم، لە خۆت دوور بم لە گیــانم

چمـــا تـــۆ ڕادیـــۆنی، بـــوێژی ســـەربـــەخـــۆنی
نە هەرگیز دڵ دەدۆنی، نە گــوێ دەگــری لــە ژانــم؟

دەبۆڵێنی بە سەرمــا، جلــی نــوێ کــوا لــە بــەرمــا؟
جــوانیم دەربـــەدەر مـــا، بـــە فیـــڕۆ چـــوو ژیـــانم

ڕەفیقی دەم بە دەم بــە، لــەگــەڵمــا دڵ بــە خــەم بــە
وەکوو مۆبایلەکــەم بــە، نزیــک گوێچکــە و زمــانم

## (٦١)

لـــه داخـــان و لـــه حـــەیفانـــه کـــه دەیڵـــێم
بـــوار و گشـــت دەرووبـــان بـــەســـتووه لـــێم

نـــه ڕۆژنامـــه و نـــه گۆڤـــار و کـــەناڵێـــک
بـــــه زاری وان دەبـــــێ ببیـــــێم و بـــــدوێم

منـــاڵم بـــۆی نییـــه کـــوردی بخـــوێنێ
دەبـــــێ بـــــەو زاری زۆردارانـــــه ڕابـــــێم

پـــەنـــام هێنایـــه بـــەر فـــەیســـبووک لـــه تـــاوان
لـــــەبـــن ئـــەو ســـێبەره بۆخـــۆم بئـــاژوێم

پـــەیـــام کـــرد هاوزمـــان و هاوخـــەبـــاتم
گەلێکیش خۆبەخـۆ دەیگـوت منـیش دێـم

ژن و پیـــاو، پیـــر و خـــاو، کیـــژ و کـــوڕی لاو
ئـــەدیـــان نـــارد و لـــه پـــەســـتا بوونـــه هـــاوڕێم

ئـەوەنـد دەدوایـن دەگـەڵ یـەکتـر شـەوانـە
دەگیرا شـان و مـل، دەسـت و سـەر و پـێم

ئەمێستاش چـاوەڕێـی دوو چـاوی تـۆ نـیم
کـــە بمبینـــی و بزانـــی چـیم و لـــە کـــوێم

وەکـــوو ئاوێـــک کـــە دوابڕیـــاری دابـــێ
لەسـەر بـەسـتێنی خـۆم تـا هـەم دەهـاژێم

دەڕۆم و تـــازە ســـڵ ناکـــەم لـــە ســـاتمە
سەدان بەربەست و لەمپـەر بێنـە سـەر ڕێـم

بـــە هـــاوارم گـــەرووی بێـــدەنگـــی دەبـــڕم
ئەگەر ساتێک بەئاستەم تەنـگ بکـەن جـێم

نـە حـەیفـم دێ کـە تـۆ شـێعرم نـەبینـی
نـە داخـم دێ کـە پۆسـتی تـۆ نـەلایکـێم!

## (٦٢)

هـیچ شـەقامێـک نـەبـوو وەخـۆی بگـرێ
کووچـەیـەک نـا، سـەری کـە هـەڵبگـرێ

دەســـتی تـــەنیـــایی گـــرت و ڕایکێشـــا
دەبـــوو لـــەم دیـــوەدا دەنـــا بمـــرێ

دەر و دیـــواری شـــاری پـــێ نـــامۆ
دار و بـــەردی غـــەریبـــی لێـــی دەدرێ

"خۆزگە! دیوار دەبـووم" بـە خـۆی وا گـوت
خۆزگـــە بـــەردێکـــی ڕێ کـــە نـــاهزرێ

خۆزگـــە تۆزێـــک بـــە بێخـــەیـــاڵی دەمـــام
خۆزگـــە ئاوێـــک هـــەمیشـــە ڕادەبـــرێ

ئـــای کـــە بریـــا لـــەگـــوێن شـــنە دەگـــەڕام
وەکـــوو خـــەرمانـــەیـــەک بـــە بـــا دەکـــرێ

هیچ شەقامێک نەبوو بیگرێ وەخۆی
ئاشنایەک بپرسێ لێی: ئەوە تۆی؟

دەست لەناو دەستی بێکەسی و غەمدا
هاودڵێک کوا دڵی پێ ساو بدرێ

باشترین دۆستی شەو بوو فەقەت ئەو
دەیدی چۆن ڕۆندکی لە چاو دەسڕێ

نەیدەناسی پیاسەڕێیەکی شار
جادەیەک کوا سەری کە هەڵبگرێ

وەڕەز و بێقەرار و مات و غەریب
ساتەکانی بەتاڵی خۆی دەبڕێ

هیچ شەقامێک نەبوو بیگرێ وەخۆی
ئاشنایەک بپرسێ لێی: ئەوە تۆی؟

## (٦٣)

## لە خزمەت حەزرەتی مەحویدا:

بە نووری ADSl  سەر بـە فـەیسـبووکدا نـەکـەم چبکـەم؟
بە شینێکی وەهـا چـاری شـەوێکـی وا نـەکـەم چبکـەم؟

لەبەر پێی ئەو پەڕە شـینە گـەلێـک بـەربـەسـت و فیلتێـرە
دەسا زوو دەستوبرد فیلتێرشکێن سەودا نـەکـەم چبکـەم؟

لەگەڵ هـەسـتی منـا ڕێ ناکـەوێ ئـەو تـۆڕە خـاوەی ئـەو
وەکوو شێت سەر بە دیواری کەسانێکدا نـەکـەم چبکـەم؟

لـەڕێـی ئـەو شـۆخەدا لایکـم دەکـرد و پێـی نـەنـا پێمـا
دەسا لایکی هەموو عالەم بەسەر خۆمـا نـەکـەم چبکـەم؟

دەمێکە شاری پڕ شۆری چەت و گەپ مات و خامۆشە
بە یاسای خۆم پەیامێک بۆ کچان ئینشا نەکەم چبکەم؟

لە دەستا لایک نەما بۆ دیاری نۆبەی لێدووان دێ جا
سەرنجدانم بەتاڵە و چاوەڕێی دۆدانەکەم، چبکەم؟!

## (٦٤)

شــەوی یــەڵدایــە یــا گــاگۆڕە ئــەمشــەو
کە دیدەم دوور لە تـۆ لـێم مـۆڕە ئـەمشـەو

دڵــم وەک چاکــەتــی شــێتانە قوربــان
خــەڵاتــی بــەرد و داری کــۆڕە ئــەمشــەو

کــە تــۆی شــای شــاعیرانی ئــەم زەمانــە
چ باکم بـەیـت و شـێعری قـۆڕە ئـەمشـەو

هــەمیشــە وایــە یــا نووســاوە دەنگــت؟
لە خەو هەستاوی یـا هـەر بـۆڕە ئـەمشـەو

دڵــیش مایــل بــە یــاری نۆیــە بۆیــە
لە دۆستی کـۆن سـڵۆک و تـۆڕە ئـەمشـەو

سروشـکم نـەقشـی بـاڵای تـۆ دەکێشـێ
هەموو سەرمایەکەم یـەک چـۆڕە ئـەمشـەو

موســوڵمانان مــەپرســن حــاڵی ئــاران
دڵـی کونبـووی دەڵێـی پـاپۆڕە ئـەمشـەو

## (٦٥)

ڕەنگی بواردووی دەمی تاڵی نەژیـاوم وەرەوە
دەنگی ونبووی دەقی تـاقی نـەکـراوم وەرەوە

ژەنگی هێناوە هەناوی کپ و تاریکی شـێعر
تەنگی ئێوارە لەگەڵ هەستی نـەمـاوم وەرەوە

گوڵی ئەو قاڵییـە پـڕ تاسـەیـە بـۆ دیتنـی تـۆ
وەکوو ئەو دەرهەمە تـا هـەڵنـەوەراوم وەرەوە

دەر و دیوار دەبڕێ دەستی درێژی دووریـت
تاکوو ئەو جەردەیە جەرگی نەجنـاوم وەرەوە

چ دەکا ماسی لە ئامێزی زرێدا کـە نـەبـێ؟
بەحرەکەی بێ بنی چـوار دەورە دراوم وەرەوە

غەمی تۆیانە هەموو پەنجەرەکـانی ڕووحـم
پۆرترەی بەرجەوەنی تاری دوو چـاوم وەرەوە

لێرە وێستاوە لەسەر کاتی بەتاڵی سـەفـەرت
کاتژمێری سەری مات و حەپەسـاوم وەرەوە

بێ هەواڵ ماوەتەوەماڵپـەڕی چـۆڵی نیگـام
ڕادوێ و تیڤی کـوژاوەی دڵـی خـاوم وەرەوە

## (٦٦)

خـەمێکـی لـەعنـەتـی ئاسـۆی ژیـانمی داگـرت
تـەمێکـی نـەگبـەتـی کوێسـتانی گیـانمی داگـرت

دڵـــم دوبـــارە دەگرمێنـــێ بـــۆ گـــوڵی ڕووی تـــۆ
شـــەوێکـــی تـــاڵ و گـــران ئاســـمانمی داگـــرت

مەراق و حەسرەتت ئاڵۆزی کـرد هـەمـوو مێشـکم
سـەرێشـەیێکـی بـەژان گـش جـەهـانمی داگـرت

نـــەمـــاوە تاقـــەت و ســـەبـــر و قـــەراری بێتـــۆییم
شـــەپـــۆلی مـــەینـــەت و ماتـــەم ڕەوانمـــی داگـــرت

ئـەوەنـدە تامـەزرۆی جـەننـەتـی ئـەوینـت بـووم
کە دۆزەخی خەم و دەرد، بـوون و مـانمی داگـرت

(٦٧)

تا ئـەویـن بێتـەوە سـەر ئاڵقـەگـەڕی خـۆی بگـەڕێـوە
تـــا ببینێتـــەوە دڵ بـــاڵ و پـــەڕی خـــۆی بگـــەڕێـــوە

تا بەهار چاوی بپشکوێ بە چرۆی سەوزی حەزێـک و
لە بـەری کاتـەوە شـێعری بـە فـەڕی خـۆی بگـەڕێـوە

بگەڕێوە بگەڕێ تا لـە ڕەگـی ژیـن کوڵوکـۆی خـوێن
تا زەمان سوورە لەسەر سوورٖ و گەڕی خـۆی بگـەڕێـوە

بگەڕێوە تەمـەنـی مـن بـەشـی ئـەم غوربـەتـە ناکـات
وەتـەنـم تـا بسـڕێ ئـەسـری تـەڕی خـۆی بگـەڕێـوە

تا کـەشـی بێتـەوە دیسـانەکـە وەرزی گەشـی ئەشـق و
وەگـەڕێ جـوانی دەقـی زەردەپـەڕی خـۆی بگـەڕێـوە

وەک هــەمیشــە غــەزەلــیش تامــەزرۆی دیتنــی تۆیــە
وشــە تــا بێتــەوە تــوێی دێــڕ و پــەڕی خــۆی بگــەڕێــوە

بەسەرهاتی مــن و تــۆ تــاوەکــوو پــڕ کاتــەوە گــەردوون
هەڵی بەست پردی هەموو بەحر و بەڕی خۆی بگەڕێوە

لێکمان هەڵدەبڕێ و هەر یەکەمــان وێڵــی هــەوارێــک
چارەنووس ئێمە دەنێــرێ بــۆ شــەڕی خــۆی بگــەڕێــوە

چەمی شینت کە لــە بــاوەش بگــرێ گیــانی بــە تاســەم
هەروەکوو ماسییەکــی لاڵ و کــەڕی خــۆی، بگــەڕێــوە

لــەگــەڵ ئاهــەنگــی نــەمــانم وەکــوو بارانــە دەگریــا
ئەو کەسەی وا بە خەمم هەڵدەپەڕی خۆی، بگــەڕێــوە!

## (٦٨)

به سەرگەردی سەرت، ساقی! سەرێک هـەڵبێنـە مـاڵم
بە سـەودای تـۆوە سـەرگـەردان هـەتـا کـەنگـێ بنـاڵم

بەتەنیایی بـەجێـت هێشـتووم لـە تاراوگـەی غـەریبـی
نە هەرگیز دێی نە قەت جارێک دەپرسی تـۆ لـە حـاڵم

بەفیڕۆ چوو بە هیـوای تـۆ هـەمـوو عـومری عـەزیـزم
هەتا کەنگێ بەدووتـا وێـڵ بسـووڕێن مانـگ و سـاڵم

سەرم سەرگەردت ئەی ساقی هەتا کەنگـێ بـەسـووکی
لـە مـن دەڕوانیـی و داخـوازیی و خـەون و خـەیـاڵم

شکاوە شووشەکەی عـومرم بـە بـەردی دەردی دووری
ڕژاوە بادەکـەی هـەسـتم بـە دەسـت بـەختێکـی زاڵـم

چـڕاوە بـەنـدی دڵخۆشـیم بـە ئاهـەنگـی غـەریبـی
بـڕاوە شـێعری دڵتـەنگـی بـە ڕووحـی لاڵ و پـاڵـم

به سەرگەردی سەرت ئەم دەورە ساقی تێکە مەی بۆم
هەتا دەوری نەداوم مەینەتی دەوری بەتاڵم

نە دەبمە ئاو و هەڵدەمژێ زەوی پشکی تەڕاییم
نە دەبمە هەڵم و هەڵدەگرێ هەوا قورسی وەباڵم

بە سەرگەردی سەرت بم مەی بگێڕە ساقی سا دەی
چ سادە هەڵنەسووڕا چەرخەکەی چەپگەردی تاڵم

چ ژەنگێکی هەڵێناوە دڵەی وێڵی بەداوا
کە تۆزی ناشکێنێ دەستی ڕۆژگاری مەحاڵم

سەرم سەرگەردت ئەی ساقی دەسا دەی بێنە بۆم مەی
لەگوێن باڵندەکەی ئاوات هەتا نەشکاوە باڵم

وەرە و ڕەنگین بکە ڕووحم بە ڕوخساری نیگارین
بە گەرمی خوێن بەرە ڕەنگی دڵەی پڕ خەوش‌وخاڵم

وەرە و پاراو بکە هەستم بە دەنگی دڵنەواییت
بڕاسێنە شەوی خەوتوو کە تینووی خەونی ئاڵم

## (٦٩)

من کۆنــەپــەرەســت و خــەمــی تــۆم تــازەیــە ئــەمشــەو
من بادە بــە دەســت و خــەمــی تــۆم تــازەیــە ئــەمشــەو

کــۆنن هــەمــوو چیرۆکــی پــەژارەم وەکــی یــەڵــدا
ڕووحم بە شکەست و خــەمــی تــۆم تــازەیــە ئــەمشــەو

دەرمــانی نییــە ژانــیٚ لــە مێــژوو کــە گــەڕا بــیٚ
دەردم لە ئەلــەســت و خــەمــی تــۆم تــازەیــە ئــەمشــەو

بیخوێنــەوە ســەربــەنــدی ئــەویــنم بــە بڵنــدی
من شێعری بە هەست و خەمی تــۆم تــازەیــە ئــەمشــەو

پێوشــوێنی خــەیــاڵم بگــرە بــۆ خــەبــەرێــک لــێم
من سەد سەدە مەست و خەمی تــۆم تــازەیــە ئــەمشــەو

هــەڵنایــە لــەبــۆ کــەس مــەتــەڵی بــوون و نــەبــوونم
هەر تۆم دەپەرەســت و خــەمــی تــۆم تــازەیــە ئــەمشــەو

## (٧٠)

بـه خـاڵی، خوایـه جۆلانـەی جـەهانـت ڕامـەژێنـە
کـــە تـــاریکی ڕەهـــا تاقـــەتپـــەڕێـــن و دڵتـــەزێنـــە

چرای گەردوون شەوێک هەڵکە و لەناو بێشکەی ژیانـا
منـــاڵانی هـــەرێمـــی خۆشـــەویســـتی ڕابژێنـــە

لەناو باغچـەی ڕەهـەنـد و ڕەنـگ و بـۆن و ئـارەزوودا
هـەتـاوی هێمنـی و ئـاوی ئـەوینیـان لـێ پژێنـە

مـەهێڵـە خـەم دزە بکاتـە هـەنـاوی جـوان و ڕوونیـان
بـە کایـە و خـەنـدە و خۆشـی زەمـەنیـان تێپـەڕێنـە

تژی تیشک و شـەڕاب و ئـەشـق و بـاران کـە ژیانیـان
بـــە گـــۆرانی و گـــەڕان و ئاڵوگۆڕیـــان ڕابهێنـــە

لـــە بـــنڕا ببـــڕەوە ئـــاگری شـــەڕ و نـــان و نـــەبـــوونی
دەنـا دوایـی بـە هێـزی بـێ شـکۆ و خێـرت بهێنـە

چلۆن تەختی دڵی تۆ و عـەرشـی کورسـی نالـەرێـتن
کە منداڵێک لەسەر خاکت بە ڕووتی غەرقـی خوێنـە؟

## (٧١)

ساڵ و مانگی عـومری چـۆڵم داخـەکـەم مـەودا بـڕی
ڕۆژ ژیانی خۆم فرۆشت و شـەوچـرای مـەرگـم کـڕی

شوێنپەڵەی دووریت لەسەر سینە و پەڕەی دڵمایە هەر
هێـز و هـەتـوان و هـەناسـە و هـەم بڕسـتی لـێم بـڕی

دووریت؛ ئەو زریانە بوو وەربوو بە تـەقـویمی تـەمـەن
بەو تـەزی بێـڕەحمـی پـاییزەی، بـەهـاری لـێ سـڕی

ئـەو دەلالـۆ بێژە غـەمگینـەی کـە دەنگـی کـز نـەکـرد
بەندبەندی شێعری ڕووح و گیان و جەستەی تا چڕی

سـاڵەهایـە، شـوێنمی هـەڵگرتووە نیسـێی ڕەشـی
تـا سـنووری بێکـەسـی و تـەنیـایی پێمـی هـەڵبـڕی

پێ بە پێی ژیـن ئـەم نـەهاتـە هـەر لـەگـەڵما هـاتووە
پێکەوە کفنی سەدان خۆزگـە و هـەزار خـەممـان دڕی

پرد و کۆڵان و شەقام و هـەرچـی جـادده و شۆسـتەیـە
دووبـەدوو لێـی ڕابـراوین زۆر بـە پـەسـتی و دڵپـڕی

تـۆ بڵـێ ئـەو دایکتـە و دوو دەسـتتی تونـد گرتـووە
یا بڵێ چون باوی دەورانـە و ئـەمـن هـەروەک کـوڕی

"دەردی دووری زۆر گرانـە، دڵبـەرا! هیجـران بـەسـە"[1]
وا وجوودی کردمە خاک و خۆڵەمێش، شـۆلە و گـڕی!



1. دێڕەشێعرێکی مامۆستا حەقیقییە.

## (٧٢)

کــوا بــه نێــوی گــەورە یــا گــۆڕینی، شــۆڕش پــێ دەبــێ؟
کەی بناغەی ماڵ بە کەرپووچی تــەڕ و خــاو چــێ دەبــێ؟

خـــاوەخـــاوە ڕۆژهـــەڵاتـــی نـــوقمی گنخـــان کـــردووە
چـــاوەچـــاوین، وا خـــەبـــات بێخـــاوەن و لاڕێ دەبـــێ

تــۆ چ شۆڕشــگێڕی دانیشــتووی لــە خــاکێکی غــەریــب
دەس لــەســەر دەس دادەنێــی و هــەر دەڵێــی ڕۆژێ دەبــێ!

چـــاوەڕێـــی تـــا نیشـــتمانت بـــۆ بـــە بـــووکی بێننـــەوە؟
کـــوانێ ئـــاردی "بـــۆم بهێـــنن" نـــانی مـــافی لـــێ دەبـــێ؟

چوار لەت‌وپێنج حیزب‌و شەش حەوت خێڵ‌و تیرە و تاقمین
ئــەو کــەلێنــە وا هــەراو بــێ چــل کــونی دی تــێ دەبــێ

توتــک و پاتــاڵی بــەراز و ڕێــوی خاکیــان پــاک فرۆشــت
تا ئــەوان لــەو گــردە بــن، پێــت وایــە بــۆ تــۆ جــێ دەبــێ؟

وەرنەوە نێو شاخ و خاک و خەڵکــی خۆتــان بــۆ خــەبــات
ڕووحــی ئــاران بــەردەبازە و ڕوو لــە ئاســۆی نــوێ دەبــێ

## (٧٣)

هیچ دەزانی دایوبابت چۆن و چەنـدیان خـۆش دەویسـتی؟
ڕووحـی خۆیـان بـا دەدا دیلانـەیـان بـۆ هـەڵـدەبـەسـتی

هیچ وەبیرت دێ کە ناوەنـدی گرینگـی گـۆی ژیـان بـووی؟
بـەوپـەڕی پـارێز وەسـەر پـەیـژەی سـبەینێیـان دەخسـتی

ئەی لە بیرتە چەن کەیفخـۆش بـوون کـە سـاوازە ببـووی زوو
گـەشـکە دەیگـرتن لـە خۆشـیدا کـە دیتیـان ڕادەوەسـتی

تـۆ گوڕوگاڵـت دەکـرد گاڵـە دەکـەوتـە نێـو دڵـی وان
دارەدارەی هـەسـتیان بـوو دەسـتەکـەت بگـرن کـە هـەسـتی

زۆر بـە ئـاوات بـوون هـەمـوو ڕۆژێ شـتێکت لـێ وەگێـڕن
تـازەتـر بـێ لـەو وشـانەی پێشـووتر لێیـان دەبیسـتی

هێنـدە شـیرین، ژیکـەڵـە، نـەرمونیـان، تاقانـە بـووی تـۆ
یان بە زۆر ماچیـان دەکـردی یـان دەم و گووپیـان دەگـەسـتی

شــێوەزاری دڵڕفێنــت کــانی ســەد ڕووداوی خــۆش بــوو
ڕەوت و ڕۆینت هێندە ناسـک بـوو تـەواو گیانیـان دەڵـەستی

تا وەسەر پێ کەوتی سەد جـار داکـەوت جـەرگ و هـەناویـان
بـۆ وەســەر ڕێ خســتنت بـوو دەسـتیان تونـد نایـە دەسـتی

تـا بـە سـەرمایـە ببـی تـێ چـوو تـەمـەنیـان پـاک لـە ڕێـدا
ئێســتەش ئاواتیانــە ژینــت قــەت نــەهێنێــتن نشســتی

چــاوەڕێ ناکــەن لــە جــوابی چاکــەیــان دا وەربســووڕێی
تـۆش قـەرزدار نـی، بـەڵام تاڵـە کـە دەرکیـان لـێ ببـەستی

ڕێنوێن وەک چاوی‌سەر بوون بۆت کە سەرچاوەی ژیان بووی
چاو و سەر هەڵنابڕێن لێـک مـەر بـە دەسـتی دەرنـەوەسـتی !

## (٧٤)

زەیتوونی تەمەن خـۆش بـووە ئۆخـەی لـە هـەنـاوا
گوڵجـاڕی ئـەویـن شـین بـووە دیسـان لـە دەراوا

مەستیی ڕەزی گەز کردووە کیژێک بە کەزیی خۆی
گیرسـاندی نـەشـەی مانـەوە شـارێک لـە شـەڕاوا

پێشـەنگـە لـە پاراسـتنی دەسـکەوتـی ژیانـا
هێـزی ژنـێ مێـژووم لـەگـەڵیـدا نـەدەحـاوا

ناوبانگی گـەلـی کـوردی بـەرز کـردەوە ئـەمجـار
ئاهـەنگـی ورە و بـەرگریـی ئازانـەیـەک ئـاوا

عەفـرین؛ هـەمـوو تـەنیـایی و تارمـایی تـەرانـدن
هەستاندی لە خەو خەڵکـی لـەنـاو بازنـە نـەمـاوا

سووربوونەوە گولـلە و چەک و فیشـەک لـە ڕقانـدا
گشت چوونەوە دیسان بـە گـژ ئـەو دوژمنـی خـاوا

بـۆ تۆڵـە لـەسـەر پـێن و دەوەسـتن لـە بـەرانبـەر
هەر کەس کە بـدووریێ دەمـی خولیایـەکـی سـاوا

گرتیانەوە گشت دەشت و دەرە و دۆڵ و کەژ و شاخ
ئـــەو ڕاســـتییە تاڵـــەی دەدرەوشـــاوە لـــە تـــاوا

نووســـیانەوە ڕووبـــار و کـــەرێـــز و چـــەم و کـــانی
بـۆ کـوردی بـوێر، مـافی ڕەوا و هـەم هـەقـی داوا

هاکـــا وەخـــەبـــەر بێـــت و بجووڵێتـــەوە خـــوێنی
خـــەڵکـــی ڕۆژهەڵاتـــیش بـــە دەم و کـــاتی ڕۆژاوا

## (٧٥)

تەقویمی تەمەن خـاڵی لـە ڕووداوی ئـەوینـە
تابلۆیــەکــی دەقگرتــوو بــە دیــواری زەمینــە

گۆڤاری ڕەگم پڕ لە وتاری خەمـی ئـەشـقە و
ڕێگایـەکـی بـێ ڕاگـوزەری چـۆڵ و بـەرینـە

هیچکەس نییە سەر بسوێ لە ئاسۆگی ژیان و
جوانێـک نییـە بڕوانـێ لـە ئـەم کۆنـەبرینـە

ئارشیوی سەرم پڕ لە سەدان فایلی گرینگـە و
سەردێـڕی نیگـاهم هـەمـوو هـاوار و گرینـە

ڕۆمــانی ژیــانم کــە پڕاوپــڕ لــە وڕێنــە و
پڕکردنەوەی خشـتەوشـەی مـەرگ و ئـەوینـە

ڕۆژنامەیەکی سووک و چرووکی تژی کێشە و
سەد ڕووپـەری تـەنهاییـە لام وایـە کـە ژینـە

من، ئایدییەکی پووچ لە جەهانێکی مەجازی و
مـن، وێنـە پڕۆفـایلێ کـەوا بـێ گـوڕ و تینـە

ئاوێتەیەکی تـاڵ لـە دروشـم و لـە دەمـامکم
ئاوێنەیەکی لێـڵ کـە سـنووری ڕەش و شـینە

ئەو ماڵپـەڕە بـێ خوێنـەرە داخـراوە مـنم مـن
ئەو کۆڵبەرە کوردەی کە لە ڕێی مین و کەمینـە

## (٧٦)

جەهــان گوێچکــەی لــە حانــدت ئــاخنیوە
زەمــان ڕووحــی لــە بێــدەنگــی چــەقیــوە

خــودا ئێــرەی بــەجــێ هێشــتوە لــەمێــژە
تــەمێــک تــەیمــانی ئێمــەی تونــد تــەنیــوە

دەدەم UN هــەمــووی تێکــڕا بــە پووشــێک
کــــە ئاسایشــــت و ئاشــــتی دابڕیــــوە

بــە دەوڵــەت تــا نــەبــی هــەر بــێ نیشــانی
گــەلــی بــێ نــاوی قــەت مێــژوو نــەدیــوە

مــــرۆڤ و مافــــەکــــانی ناتــــەبــــا بــــوون
سیاســـەت ئـــەم وشـــانەی تێـــک چنیـــوە

لــــە پشــــت پــــەردەی نهێنیــــدا بــــە قوربــــان
ســـەدان خـــەنجـــەر بـــە زامـــت پێکـــەنیـــوە

بــەتــەنیایــان بــەجێهێشــتی کــە بتخــۆن
بڵـــێن گورگێـــک برامـــانی دڕیـــوە

چەک و چــۆڵ کــوانێ هێمــان بــۆ بــوێری؟
وەرەی تـــۆ ئـــەوپـــەڕی هێـــزی بڕیـــوە!

کــە پرچــی هۆنــدەوە و کــردی بــە پــەلکــە
کـــوتم دیســـان کچـــی کـــورد ڕاپـــەڕیـــوە

تەیارەی تێک شکاند باسـکی کـوڕی کـورد
ئیتــر زانــیم کــە دوژمــن پــیس خــەسیوە

بە بـۆنی نـەوت ئـەوان سـەرسـام و کاسـن
بــە زێــڕ و زۆر هــەمــوو کــەسیان کڕیــوە

لــە بیــری بــەرژەوەنــدی و پشــکی خــۆ دان
بــە وان چــی گــەر وڵاتێــک تێــک تــەپیــوە

بــە وان چــی گــەر ژن و منــداڵ دەکــوژرێ
فرۆشـــراوە چـــەک و پـــارەش ڕەســـیوە!

## (٧٧)

بـەفـر بـووی و لـەسـەر دەسـتی ئـەویـنداری دەسـووتای
گوڵیلکـەی دەگمـەنـی مێرگـی بـەهـاران بـووی، دەپشـکوای

ئـەتـۆ شووشـەی شـەڕابـی گـەرم و تـاڵی دەسـتی سـاقی
لـەنـاو ئـەم دۆزەخـی هـاڵاوەدا تـک تـک دەگریـای

هەور بووی و کـەچـی وەک لۆکـە شـی دەکـراوە جـەسـتەت
نەفەس بووی و بەڵام وێنەی غەزەل، خۆش خۆش دەنووسرای

خـەیـاڵ بـووی و وەدی هـاتی، خـەون بـووی و ئـەمـن دیـم
بـە هـەرچـی چـاک و ئـەفسـووناوی و جوانـە دەشـوبهای

چ کاڵێـک بـووی کـەوا ئـەمشـەو بـە گشـتی پێگـەیشـتی؟
چ سـاڵێک بـووی کـەوا لـەم سـاتەوەختـەمـدا بـەجێمـای؟

ئـەوەنـد سـڵ بـووی بـە دەسـتی تاسـەبـاری مـن نـەگیـرای
ئەوەنـد خـاراو و پوختـە و پـڕ لـە مـن وا بـوو کـە تۆ خـوای

سروشـتی شـێت لـە جـەسـتەی ڕووتـی تـۆدا تونـد دەئـاژوا
لـــە مێـــژووی مێهـــرەبانیـــدا وڵاتێکـــی بـــەتـــەنیـــای

گـــەر ئاوێنـــەی دەپرســـم بـــۆ وەهـــا نـــەرم و نیـــانی؟
ئـــەگـــەر ئـــاوی دەڵـــێم بـــۆ هێنـــدە نازدارانـــە دەشـــکای؟

## (٧٨)

ئەو وەها ڕۆیوە بە سەد سوێند و دوعا نایەتەوە
دڵی گۆڕاوە دەڵێن وا بە تکا نایەتەوە

کۆچ و باری سەفەری بەست و سەری خۆی هەڵگرت
هێندە تاسەی هەبوو تازە بە خودا نایەتەوە

هەموو ئاواتی دڵی چرکەدەمێک ڕۆیین بوو
چ کلا بێ و بکەوێ یاکوو نەگا نایەتەوە

سەفەری نابەڵەدی، نابەدڵی قەت نەبووە
چ بزانێ و چ نەزانێ لەوەلا نایەتەوە

کوڕی باران و کچی بەفر و نەوەی هەور و هەڵا
دایک و بابی، چەم و خۆر، خۆی ڕەشەبا نایەتەوە!

(٧٩)

غـــەریبـــی؛ تـــەمێکـــە و بـــەســـەرمـــا کشـــاوە
غـــەریبـــی؛ غـــەمێکـــە و بـــە بـــەرمـــا بـــڕاوە

غـــەریبـــی؛ نـــەبـــوونی دەســـی تۆیـــە دایـــە
لـــە دڵمـــا کـــە شـــوێنی هـــەتـــا ئێســـتە مـــاوە

غـــەریبـــی؛ مـــنم وا شـــەو و ڕۆژ بـــەتـــەنیـــا
لەگەڵ شێعر و هـــەســـت و زمـــان تێکـــەڵاوە

غەریب یانی؛ قووڵبوونـــەوە زامـــی خاکێـــک
کـــە هـــەر دەرد و مـــەرگـــی بـــەســـەردا ڕژاوە

غەریب یانی هۆزێکی بێ مـــاف و بـــێ ڕێـــز
لـــە چـــوار لا کـــە نـــاوی بـــە نـــامۆ بـــراوە

غەریب یـانی خـەونێـک لـە جوغرافیـا ون
گـــەلێکـــی لـــە تـــابووتی تـــاریخ نـــراوە

غـــەریبـــی قومـــاری مـــن و خـــۆم و ژینـــە
کـــەوا ســـێبەســـێ، دەســـتێ نـــابین بـــراوە

غـەریبـی: غـەزەلبـازیی ڕووحێکـە تـەنیـا
کـە تـەنیـا بـەسـەر دووری دابـەش کـراوە

مەرگ یـانی ڕێگایـەکـی ڕوو لـە غوربـەت
غـــەریـــب یـــانی دەرگایـــەکـــی داخـــراوە

## (٨٠)

دەڵێم ئەمجارە ئـەگـەر بێمـەوە؛ کۆڵانـت هـەمـوو ...
بــەرد و دار و دەر و دیــوار و خیابانـــت هـــەمـــوو ...

دەڵێم ئەمجارە ئەگەر بێمـەوە؛ ڕێوبانـت هـەمـوو ...
خاکوخۆڵ و تەپوتۆز و تەمی کوێستانت هەمـوو ...

دەڵێم ئەمجارە ئەگـەر بێمـەوە؛ ئاسـمانت هـەمـوو ...
چـەم و ڕووبـار و دەرە و دۆڵ و چیاکانـت هـەمـوو ...

دەڵــێم ئــەمجــارە ئــەگــەر بێمــەوە بــۆ دیتنــی تــۆ
بهەژێنێتەوە هەستم سەر و ڕووی جوانـت هـەمـوو ...

چۆنی ئەم ئـەشـقە لـە تـوێی گیـان و دڵا هـەڵبگـرم؟
چـۆن بـەبـێ تـۆ شـەوێ یـا ڕۆژێ بـەتـەنیـا نـەمـرم؟

ئەم هەموو ئەشقە لەناو ڕووحێ چلۆن جێ بکەمـەوە؟
شـەوێ یـا نیـوەشـەوێ گریـە چلـۆن گـل دەمـەوە؟

تۆ بڵێی بەم هەمووە لەمپەری ڕووحم نەڕمێ؟
تۆ بڵێی بەم هەمووە سواری هەناسەم نەگلێ؟

تۆ بڵێی دووری هەتا کوێ دڵی تەنگ دابگرێ؟
تا بە کەی یا نە غەریبی، سەرەڕێم لێ بگرێ؟

تۆ بڵێی بیرەوەریت تەنگ بە گەرووم هەڵنەچنێ؟
یا نە بێتۆیی تەڕایی هەموو گیانم نەچنێ؟

خۆزگە دەیشووشتەوە ئەم شێعرە، شەوێک، بارانت
خۆزگە دەیبردمەوە دواجارە خەوێک بۆ ژوانت

ئەم هەموو خورپ و خوتووره و دڵەڕاوکەم نەدەبوو
خۆزگە دەدگرتەوە بۆم، باوەشی جارانت هەموو!